پژوهشنامه ادبیات کردی
بهـــار و تابستـــان ۱۳۹۹
سال ٦، شماره ۱، پیاپی ۹

Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2020
Vol. VI, No. 1, Series 9

Archive of SID

# هەڵوێست لە ئەدەبی کوردی و فارسیدا: خوێندنەوەی شیعری کامەران موکری و فەڕوخی یەزدی بە نموونە

هێرش کەریم حەمید (توێژەری بەرپرس)[1]؛ سەرحەد حوسین قادر[2]

نوع مقاله: مقاله پژوهشی؛ تاریخ دریافت: ۸ اردیبهشت ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۱۳ شهریور ۱۳۹۹؛ صص ۹۹- ۱۲۹

DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.775

## کورتە

کامەران موکری و فەڕوخی یەزدی وەک دوو شاعیری دیار و بەرجەستەی ئەدەبیاتی فارسی و کوردی و وەک شاعیرگەلێکی دەروەست و خاوەن‌هەڵوێست، هەمیشە شیعرەکانیان لە خزمەتی کۆمەڵگادا بووە و ویستوویانە لە ڕێی قەڵەمەکەیانەوە دەرد و ئازار و مەینەتییەکانی خەڵک پیشان بدەن. ئەوان وێڕای ئەوەی قەڵەمەکەیان بۆ هەڵوێستنواندن دژ بە ستەم و نادادییەکان بەکار خستووە، خەڵکیشیان دژ بە زوڵم و ستەم و بێدادییە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئایینییەکان هان‌داوە. سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی کاتەوە بەتەواوی هاوسەردەمی یەکتر نەبوون، بەڵام بە ڕوونی دیارە کە کەش‌وهەوای ژیانیان لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەردەمی نێوان شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمدا زۆر وێک چووە. هەر بۆیەش هەڵسەنگاندنیان لە ڕووی ئەدەبی بەراوردکارییەوە شیاو و جێی سەرنجە. بیر و سۆزی بەرچاوی نەتەوەیی بەشێوەیەکی پتەو و بە هێز، هەوڵی بێوچان بۆ ڕوون‌کردنەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات بۆ بەردەنگ و بە تایبەت چینە ژێردەستەکان، بەرەوڕووبوونەوەی بێ‌پێچ‌وپەنا لەگەڵ نارێکیی کردەوە و خەیانەتەکانی کەسایەتییە سیاسی و حکومییەکان، بەرنگاری و گازندە دژ بە دەست‌تێوەردانی هێز و هزرە بیانییەکەن لە ناوخۆی وڵات و بەرنگاری و هێرش‌کردنەسەر فێڵبازی و چەوتیی کەسایەتییە ئایینییەکان یان ئەو کەسانەی بە ناوی ئایین بەهرەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆخۆیان دەستەبەر دەکەن، ئەو خاڵانەن کە بەشێوەی هاوبەش، وێنەیەکی زەق و بەرچاو لە هەڵوێست‌دار بوون و سۆزی گشتگیری هونەری و بیری قووڵی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە بەرهەمەکانی هەردووک نووسەردا وەدەردەخات.

**وشەگەلی سەرەکی:** هەڵوێستی ئەدەبی؛ ئەدەبی بەراوردکارانە؛ فەڕوخی یەزدی؛ کامەران موکری.

## چکیده

کامەران مکری و فرخی یزدی دو شاعر برجسته‌ی ادبیات کردی و فارسی هستند. آنان به سان شاعران متعهد و ملتزم دارای فکر و اندیشه مبارزجویانه بوده‌اند و شعر را در خدمت اجتماع قرار داده‌اند. این دو شاعر خواسته‌اند با قلم خود درد و مصیبت و رنج و مرارت مردم را به تصویر کشند. علاوه بر این که با قلم در برابر ظلم و ستم و نابرابری مبارزه کردند، مردم را هم به مبارزه با بی‌عدالتی و نابرابری‌های سیاسی و اجتماعی و دینی تحریک می‌کردند. کامەران مکری و فرخی یزدی گرچه از نظر تاریخی هم‌دوره نبوده‌اند، اما به‌خوبی آشکار است که شرایط زندگی آنان در میانه‌ی دو جنگ جهانی اول و دوم بسیار به هم شباهت دارد. بنابراین بررسی تطبیقی شعر آنها مسأله‌ای قابل انتظاری است و می‌توان چنین موضوعات مشابهی را در شعر این دو شاعر مشاهده کرد: اندیشه و عاطفه‌ی ملی‌گرایانه، تلاش برای روشنگری طبقات پایین جامعه نسبت به شرایط سیاسی و اجتماعی، مقابله با خیانت‌ها و کارهای نادرست سیاستمداران، مقابله با نفوذ اندیشه‌های بیگانه در جامعه، مبارزه با ریاکاری‌های شخصیت‌های دینی که از ارزش‌های دینی برای مقاصد اقتصادی سوءاستفاده می‌کنند. با توجه به چنین اشتراکاتی در شعر دو شاعر مزبور، تحقیق حاضر به منظور نشان‌دادن خط فکری هر دو شاعر صورت گرفته است تا مبارزه آنان را در مقابل ستم و کارهای نادرست، خط قرمز سیاسی و اجتماعی و مذهبی و حوادث روزگار آنان به تصویر کشیده شود.

**واژگان کلیدی:** ادبیات اعتراضی؛ ادبیات تطبیقی؛ فرخی یزدی؛ کامەران مکری.

۱. خوێندکاری دوکتۆرای زمان و وێژەی فارسی، زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران hersh-kerim@gmail.com
۲. بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی گەرمیان، کەلار، کوردستانی عێراق sarhad.qader@gmail.com

www.SID.ir

Archive of SID

## ١ـ پێشەکی: تیۆری و لێکدانەوەی ئەدەب و هەڵوێست

هەڵوێستی شاعیران و نوسەران بەرامبەر نالەبارییەکانی کۆمەڵگا و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لەلایەکەوە بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو بارودۆخە و لەلایەکی تریشەوە بۆ ڕەخساندنی ژیانێکی باشتر و گونجاوتر، هۆکاری هاتنەئارای جۆرە ئەدەبێکە کە بە ئەدەبی بەرەنگاریی و ڕەخنەئامێز یان هەمان هەڵوێستی ئەدەبیی لەقەڵەم دەدرێت، لەو جۆرە ئەدەبەدا نووسەر یان شاعیر بە ڕۆحیەتێکی ڕەخنەگرانە و بەرەنگارییانەوە بەرامبەر هەموو کارێکی نەشیاو و ستەم و نادادییەک دەوەستێتەوە و بە قەڵەمەکەی کاردانەوە پیشان‌دەدات. چونکە ئەدەبیاتی ڕەخنەگرانە «... ئەدەبیاتێکی چالاک و ئامانجخوازە و بەرگریکاری بەها باڵا مرۆڤایەتییەکانە، ئەدەبیاتێکە نایەکسانییەکان قبوڵ ناکات و هەرگیز ناتوانێت بەرامبەر کارە نارەواکان بێلایەن بێت، تەنانەت ئەگەر لە پێناو بەرپەرچدانەوەی نارەواییەکاندا گیانی بکاتە قوربانی» (کوشش و نوری، ١٣٩٦: ٤). بەم پێیە ئەدەبیاتی بەرەنگاریی یان ئەدەبیاتی ڕەخنەگرانە، جۆرە ئەدەبیاتێکی مولتەزەمە و هەموو ئەو نووسراوە و شیعرانە لەخۆدەگرێت کە ڕەخنە لە ستەم و بێدادیی و زوڵم و زۆری حاکم و فەرمانڕەوا و کاربەدەست و دەست و پێوەندەکانیان دەگرێت و ئەدەبیاتێکە دژ بە هەموو ئەو لادانە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئاینییانە دەوەستێتەوە کە کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر دەبەن. ئەدەبیاتێکە ئامانجی سەرەکی هۆشیارکردنەوە و ڕزگار کردنی کۆمەڵگایە لە نەهامەتی و نادادیی.

ئێران و کوردستانی عێراق بە درێژایی مێژووی خۆیان پێشەوا و پێشەنگی وەستانەوە بوونە دژ بە زوڵم و داگیرکاریی و ستەمکاریی. ئەدەبیاتیش بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی بارودۆخە جیاوازە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵگاکەیەتی، هەمیشە ئەو بارودۆخەی کە تێیکەوتووە، تێیدا ڕەنگیداوەتەوە. لەم ڕووەوە ئەدەبیاتی هاوچەرخی هەردوو نەتەوە بە توندی کاریگەر بوونە بەو شۆڕش و ڕاپەرین و هەڵگەڕانەوانەی کە دژ بە حاکمانی زاڵم و داگیرکەرانی بیانی و خراپەکارانی ناوخۆیی هەڵگیرساون. بە واتایەکی‌تر بەرهەمەکانیان کردووەتە ئاوێنەی ژیانە گشتییەکە و لایەنگری دادگەریی و ژیاندۆستی بوونە. هەریەکە لە فەڕوخی یەزدی و کامەران موکری لە شاعیرە دیار و بەرجەستەکانی ئەدەبیاتی فارسی و کوردین و وەکو شاعیرگەلێکی مولتەزیم و خاوەن هەڵوێست هەمیشە شیعرەکانیان لە خزمەتی کۆی کۆمەڵگادا بووە و ویستوویانە لە ڕێی قەڵەمەکەیانەوە دەرد و ئازار و مەینەتییەکانی خەڵکی پیشان بدەن. ئەوان قەڵەمەکەیان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لە خەوی غەفڵەت و نەزانی بەکارخستووە. بۆ خستنەڕووی کێشەکان و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکان (کە مەبەستی توێژینەوەکەی ئێمەیە) سوودیان لە چەمک‌گەلێکی هاوبەشی وەکوو ئازادیی، ڕەخنەگرتن لە نەشیاویی حاکم و فەرمانڕەوا ناوخۆییەکان، دژایەتی کردنی داگیرکەرانی دەرەکی و دەست تێوەردانەکانیان و کردەوەی پیاوانی بەناو ئاینی وەرگرتووە و ویستوویانە وێڕای هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، دژ بە زوڵم و ستەم و نادادییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکان هانیان بدەن.

www.SID.ir

Archive of SID

### ۱-۱- بنەماکانی ئەندێشەی هەڵوێست وەرگرتن

هونەر و ئەدەبیات بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، بابەتە جیاوازە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و کەلتوورییەکان بە دوو شێوە بەیان دەکات. شێوەیەکیان خستنەڕووی ڕاستەوخۆیانەی بابەتەکانە و ئەوی‌تریان ناڕاستەوخۆ و لە چوارچێوەی وێنەی هونەریی و درکە و خوازە و هونەرەکانی تری ڕەوانبێژیی و زمانی شیعرییدایە. شیعریش لەو جۆرە هونەرەیە کە ڕوانگەی بۆ کۆمەڵگا بە شێوەی ناڕاستەوخۆیە. بەواتا شاعیران هەمیشە دەیانەوێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بە زمانێکی شیعریی و لە دووتوێی هونەرێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا دەرد و مەینەتی و کێشەکانی کۆمەڵگا بخەنەڕوو. لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی و فارسیشدا قۆناغێک نابینرێت کە بەرهەمی ئەدەبی تێیدا نەکەوتبێتە ژێر هەل و مەرج و بارودۆخە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە و ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە لە شیعری شاعیرانی ئەو قۆناغەدا ڕەنگی نەدابێتەوە. تەنانەت «کاتێک شاعیران ویستبێتیان بابەتێکی لیریکیی یان حەماسیی بخەنەڕوو، ڕەهەندەکانی ئەو بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە لە شیعرەکانیدا بە ئاسانی هەستی پێ‌دەکرێت» (محمودی نوسر، ۱۳۹۵: ۲). لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی بۆخۆی شێوەیەکە لە ناسینی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی ئەو کۆمەڵگایەی کە کاری لەسەر دەکرێت. بۆیە شاعیرانیش وەکو نوێنەر و چاوساغی کۆمەڵگا دژ بە نالەبارییەکانی کۆمەڵگا هاتوونەتە دەنگ و بەرامبەر هەموو کێشەکانی کۆمەڵگا وەستاونەتەوە؛ بە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و ڕەگەزییەکانیشەوە.

### ۱-۱-۱- هەڵوێستی کۆمەڵایەتی

شاعیر بێجگە لەوەی تاکێکی کۆی دەستەجەمعی کۆمەڵە، دواجار ڕەنگدانەوەی بیری ئەو لە ڕێگەی دەقەکانییەوە وەک هزری کۆیەک ڕوو لە کۆی کۆمەڵ دەکاتەوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوەیە کە شاعیر خۆی بە بەشێک لە ژیانی گشتی کۆمەڵ زانیوە. ڕۆبێرت ئیسکارپیت-ی فەرەنسی لە کتێبەکەی خۆیدا لە ژێر ناوی *سوشیولوجیا الأدب* (کۆمەڵناسیی وێژە) بڵاوکراوەی ساڵی ۱۹۵۸ دەڵێت: «ناکرێت نووسەر لە ژینگە و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکەی داببڕین. چونکە نابێ نووسەر لە کاریگەریی نووسەران و ژینگەی کۆمەڵایەتی دوور بخرێتەوە« (کەماڵ ساڵح، ۲۰۱۲: ٤٠). ئەدەبی مولتەزەمیش لەگەڵ جوانکاریی و ڕازاندنەوەکەیدا کە جەوهەری خۆیەتی، پەیامی ڕەخنە و چاکسازیی هەیە. بەجۆرێک کە دەبێتە گێڕەرەوەی زۆر لەو ڕووداو و دیاردانەی کە بەجۆرێک لە جۆرەکان شاعیر لای نەشیاو و لاسەنگە. پەیوەندی نێوان دەق و وەرگر ئەنجامی دیدگای نووسەر و خۆبینینەوەی خوێنەرە. هەربۆیە «ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بۆخۆی گەڕانە لە دووی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا و دۆزینەوەی ئەو کاریگەریی و کارلێک‌کرنەوەی کە لە نێوانیاندا هەیە« (گەردی و کەماڵ، ۲۰۱۲: ۸)

لە کاتی ڕەت کردنەوە و هەڵوێست وەرگرتندا دەقی ئەدەبی ڕاستەوخۆ ڕوو لە بەرامبەر دەکات و لاسەنگییەکان پیشان دەدات و ڕەخنەی لێ‌دەگرێت. لێرەدا هەندێ‌جار ئامانجی ئەدەب دەکرێتە قوربانیی پەیامی دەقەکە؛ چونکە دەق مولتەزەم کراوە بە گوێزانەوەی دۆخێکی دەرەکی کە دەبێ شاعیر لەگەڵ دۆخی ناوەوە (خەیاڵ و هەست و سۆز) دۆخێکی هارمۆنی و گونجاو دروست بکات بۆ

www.SID.ir

Archive of SID

ئەوەی بە زیندوویی لای وەرگر بمێنێتەوە. دۆخی نالەباری کۆمەڵ، نوسەران و شاعیران دەخاتە حاڵەتێکەوە بە دوای چارەسەری ئەو لاسەنگی و نالەباریەدا بن و هەوڵ بدەن بە باشترین شێوە ئەو دۆخە لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەبکەن و سەرباری هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵ بەرامبەر ئەو دۆخە، لە هەوڵی چارەسەری کێشەکانیشدان. لە سەدەی بیستەمدا کە گۆڕانە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان خێرابوون، ئەدەبیش ناوەندێکی کاریگەریی ئەو نوێگەرییە بووە و کاری هەڵتەکاندنی زۆر لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و نیشاندانیان بووە. بە هیوای ئەوەی وەرگر و گوێگر بگوێزرێنەوە بۆ ئەو بارە باڵا و گونجاوەی کە شاعیران ویستوویانە.

### ۱-۱-۲- هەڵوێستی سیاسی

سیاسەت یان ڕامیاری ئاراستەکەری کۆی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگایە، واتە سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵ پەیوەست کراوە بە چۆنیەتی سیاسەت کردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵەوە. ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی وەک سەرخانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵ پەیوەندی کار و کاردانەوەی لەگەڵ دۆخی ڕامیاری کۆمەڵدا هەیە. بۆ نموونە، کارەساتی جەنگ و ئاشتی و گۆڕانکارییەکان و شۆڕش و ڕاپەڕینەکان دەبنە بەشێک لە هەوێن و هۆکاری لەدایک بوونی دەقێکی شیعریی. بە پێچەوانەشەوە لە دۆخە قورس و گرانەکاندا سرووود و موناجاتەکان دەبنە بەشێک لە هەست و بیری کۆمەڵ. هەر بۆیە «هونەر وردبوونەوەی راستەوخۆیە لە گوێزانەوەی ڕاستی و تێڕوانین بە شێوەی وێنەیی» (مستەفا ڕەسوڵ، ۱۹٦۷: ۲۰۰). واتە ژیانی خەڵک لە وێنەی شیعریی و چەشنەکانی تری ئەدەبدا ڕەنگی داوەتەوە. ڕۆژهەڵات بە گشتی و گەلی فارس و کورد بەتایبەتی بەهۆی مێژووی ڕامیاریی خۆیان و کاریگەری ڕووداوە جیاجیاکانی دەورووبەریان هەمیشە لە جەنگ و شۆڕش و ڕاپەڕیندا بوون و بۆ کاریگەرییە بچوکەکانیش زیندانی کردن و لە سێدارەدان بووە بە بەشێک لە ئەدەبی بەرەنگاریی و هەر لەوێوە هەڵوێستی ڕەت کردنەوە و دژایەتی کردنی ستەمکاریی لێ هاتووەتە بەرهەم و لە دەقە ئەدەبییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. چونکە «نەتەوەی تێکۆشەر پێویستی بە وێژە و شیعری بەرگریی هەیە، وەک ئەوەی کە پێویستی بە خواردن و خواردنەوە هەیە، ئەویش دەبێ لە خزمەت کێشە سەرەکییەکان و هیوا و ئامانجەکاندا بێ و لە پێناو جێبەجێبوونیاندا خەبات بکات» (مەعروف، ۲۰۰۳: ٤۳).

نەتەوەی کورد و فارس لە زۆر قۆناغدا لە چەشنی ستەم و زۆرداریی، ناوخۆیی بێت یان دەرەکی، هاوشێوەی یەکن و هەمیشە کەسانی ڕۆشنبیر و شاعیر و نوسەر بە ئەرکی خۆیانیان زانیوە دژ بەو ستەمانە خەبات بکەن و قەڵەمەکانیان بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنن. چونکە لە هەموو قۆناغێکدا «شیعر بۆ دۆزینەوە و چارەکردنی دەردەکانی ناو کۆمەڵ و بۆ ڕازاندنەوە و شیرین کردنی ژیانە، بۆ بەهێز بوونی ورە و زاتە، بۆ زاڵ بوونە بەسەر کەند و کۆسپەکانی ڕێگای ژیان، لە چوارچێوەی هونەری دڵگیردا» (سابیر، ۲۰۰۵: ۵۱۱). هەر بۆیە شیعر لە دۆخێکی ناجۆری سیاسیدا ناتوانێت بێ ئاراستەی هۆشیاریی درێژە بە خۆی بدات. شاعیرانیش هەڵگری هەر ئایدۆلۆژیایەک بن، دواجار خاوەنی بیر و هەستی مرۆڤانەی خۆیانن و ڕوداوەکان دەبنە سەرچاوەی نوسینی چەندین دەقی شیعریی.

www.SID.ir

Archive of SID

**۱-۱-۳- هەڵوێستی ئایینی**

به درێژایی مێژوو، ئایین ئەو بابەتە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و فەلسەفییە بووە کە زۆرترین گفتوگۆ و مشتومڕی لەبارەوە کراوە. ئەمەش لە ئەنجامی دیدگای جیاواز و نوێ بۆ پیرۆزییەکان، یاخود شێوازی پەیڕەوکردنی ڕەوشتە ئایینییەکان بووە. بە واتایەکی تر، ئەوەندەی نووسین لە بارەی بنەما جێگیرەکانی ئایینەوە جێگەی تێڕامانی ئەدیبان و فەیلەسوفان بووە، هێندەش کرداری پیاوانی خوا و ڕەشۆکی ئایینیی شایانی قسە لەسەرکردن بووە. ئەوەی لە کۆمەڵگادا لە پیاوانی ئایینی چاوەڕوان دەکرێت، بریتییە لە ئامۆژگاریی و پیشان دانی ڕێگەی ڕاست و کردەوەی چاک و گوفتاری چاک. بەڵام هەر کات کردارێکی پێچەوانەیان لێدەبینرێت، لای نووسەر و شاعیران دەبێتە جێگەی سەرنج. ڕەنگە ئەم سەرنج و ڕەتکردنەوە هەندێجار ببێتە هۆکاری پەرچەکرداری سۆزدارییانەی ئایین‌دۆستان، بەبێ ئەوەی تێڕامانیان بۆ کرداری نابەجێی پیاوانی ئایینی هەبێ. لای شاعیران و نووسەرانیش بەرپەرچدانەوەی ئەو تێڕوانینە کوێرانە ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆڤانە بووە، چونکە «نەرێ سەرەتای جوڵەیە لە مەودای ئەرێ‌کردندا» (یوسف، ۲۰۰۲: ۲۳۷). کاتێک هۆشیارییەک دەربارەی ئەو دیدگا زاڵە دەدرێت، جوڵەیەکی وەرگرانە و پێچەوانە لە کۆمەڵ چاوەڕێ دەکرێت. هەر بۆیە «وزەی ئەدەب و هونەریش لەوەدایە لایەنگری پرسەکانی مرۆڤ ببێت». (فریق حەسەن، ۲۰۱۰: ۱۰۸). بۆنە ئاینییەکان و ستەمی سیاسی-ئایینی (فەرمانڕەوا)یش جێگەی ڕەخنە و ڕەتکردنەوە بووە لە ناو دەقی زۆربەی شاعیرانی کورد و فارسدا. هەر بۆ نموونە پیرەمێردی شاعیر کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە زیندووکردنەوەی بۆنەیەکی نەتەوەیی وەک نەورۆزدا، هەمیشە تووشی هەڵوێستی کاڵفامانەی پیاوانی ئایینی بووەتەوە. هەر ئەم هەڵوێستەش بووە بە سەرچاوەی زۆری دەقی شیعریی کە لە کاردانەوەی ئەو هەڵوێستە کاڵفامانەدا هۆنراونەتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی-شیکاریی بەکارهاتووە و ئامانجی توێژینەوە ناساندن و خستنەڕووی دیدگای هاوبەشی هەر دوو شاعیر بەرامبەر کێشەکانی کۆمەڵگا بووە. بۆ ئاماژە بە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی تەوەرەکەش دەبێ ئەو ڕاستییە بدرکێنین کە بەو پێیەی توێژینەوەکە دەچێتە‌خانەی ئەدەبیاتی بەراوردکارییەوە، زانین و ئاشنایەتی بە ئەدەبیاتی گەلانی تر یەکێکە لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە. چونکە دەکرێت شێوازی ژیانی هاوبەش، بەرهەمی ئەدەبی لێکچوو یان نزیک لەیەک بەرهەم بهێنێت. زانینی ئەوەی کە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی چۆن لە شیعری شاعیران بە تایبەت فەڕوخی یەزدی و کامەران موکرییدا ڕەنگیداوەتەوە، هۆکارێکی تری ئەم هەڵبژاردنەیە. توێژینەوەکە بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە:

۱- تەوەری یەکەم بە شێوەیەکی تیۆریک باس لە «هەڵوێست» لە ئەدەبدا دەکا، لەگەڵ خستنەڕوی بنەماکانی هەڵوێستوەرگرتن کە خۆی لە بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکاندا دەبینێتەوە. ئەمە وێڕای باسکردنی کورتەیەک لە ژیانی هەردوو شاعیر.

۲- تەوەری دووەمی توێژینەوەکە جگە لە باسکردنی هەڵوێست لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و باسکردنی هەڵوێست لای هەردوو شاعیری ناوداری ئەدەبی فارسی و کوردی، بە هێنانەوەی نموونەی شیعریی هەردوو شاعیر باس لە گرنگترین ئەو دیاردە و حاڵەتانە دەکا کە هەردوو شاعیر

www.SID.ir

Archive of SID

بە شیعرەکانیان بەرامبەری هەڵوێستیان نواندووە. بەتایبەت دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینییەکان.

**۱-۲- ژیاننامە**

**۱-۲-۱- کورتەیەک لە ژیانی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی کامەران موکریی**

محەمەد ئەحمەد تەها (کامەران موکریی) لە ساڵی ۱۹۲۹ لە گەڕەکی دەرەگەزێی شاری سلێمانی لەدایک بووە (ئاگرین، ۲۰۱۰: ۲۷). کەشی خێزانی و شوێنی گەورەبوونی (سلێمانی) پاڵنەری گەورەن بۆ بەهرەی شیعریی و هەوێنی زۆر لە هۆنراوە ئاگرینەکانی. سەرحەد حوسێن قادر دەڵی: «ئەو هۆکارانەی کە پاڵیان بە محەمەدەوە نا بۆ چوونەناو کۆڕی خەبات، چەوساندنەوەی میللەت بوو لەلایەن ڕژێمی پادشایەتییەوە» (حوسێن قادر، ۲۰۱۵: ۱۰۱). کامەران هەر لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ دونیای کتیب و خوێندنەوەدا پەیدادەکات و دەکەوێتە بەر کاریگەریی ڕۆشنبیریی سەردەمەکەیەوە. جیا لە سروشتی شاعیرایەتی، خودی کامەران کە بەهرەیەکی خودادادیی بووە، باوکی و ئەخۆڵی کاکیشی بۆ شیعر هۆنینەوە هانیانداوە. یەکەم نوسینی ئەدەبییشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۹٤٦ کە بە ناونیشانی «تاقە گەوهەرێک» لە گۆڤاری *گەلاوێژدا* بڵاوی کردووەتەوە.

سەبارەت بە بیری سیاسی و ڕۆشنبیری کامەرانیش، بەرهەمەکانی شاهیدی ئەوە دەدەن کە لەگەڵ چینی هەژار و ژێردەستەدا بووە و لە جێگەیەکدا دەڵێت: «هەمیشە لەگەڵ هەستی ڕەنجبەردام». کامەران لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی و لە چەندانی شاری بەغداد وتاری هەبووە و بە شێوازێکی ئاگرین، سۆز و بیری ئەو خەڵکەی گەشاندووەتەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ستەمی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا. شاعیر زۆرجار باجی بیری ئازادیخوازی خۆی داوە و «لە ژیانیدا حەڤدە جار خراوەتە زیندانەوە» (موکریی، ۱۹۹۷: ۳۵)، کە هەر هەمووی پەیوەندی بە بیری ئازادیخوازی خودی خۆیەوە هەبووە. سەبارەت بە نوسین و لایەنی ڕۆشنبیریی شاعیر، کامەران خاوەنی کۆمەڵە چیرۆکێک و بەرهەمێکی شانۆییشە کە لە ساڵی ۱۹٤٦ لە شانۆگەریی *لە پێناو نیشتیمان* ڕۆڵی گێڕاوە و لە هەریەکە لە شانۆگەرییەکانی *کاوەی ئاسنگەر* لە ساڵی ۱۹۵۹ و *البؤساء* لە ساڵی ۱۹۵۲ وەکو ئەکتەر ڕۆڵی هەبووە. چەندین کتێبی ئەدەبی و مێژوویی نووسیوە و لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا سەرنووسەری گۆڤاری *ڕۆژی نوێ* بووە کە لە ساڵی ۱۹٦۰ لە شاری سلێمانی دەردەچوو. ماوەیەکیش سەرپەرشتیی گۆڤاری *سلێمانی* کردووە کە شارەوانی سلێمانی لە ساڵی ۱۹٦۸ دەریدەکرد. کۆتا پۆستی ڕۆشنبیریشی جێگریی سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی نووسەرانی کورد بووە و لە ساڵی ۱۹۷۲ تا ساڵی ۱۹۷۵ لە زانکۆی سەلاحەدین مامۆستای زۆر لە بابەتەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن بووە و سەرەنجام لە کاتژمێر ۸:٤٥ دەقیقەی ئێوارەی ۷/ ۱۲/ ۱۹۸٦ کۆچی دوایی کردووە. (ئاگرین، ۲۰۱۰: ۲۸-۳۰)

**۱-۲-۲- کورتەیەک لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی فەڕوخی یەزدیی**

میرزا محەمەد کوڕی محەمەد ئیبراهیم سمسارزادەی یەزدی لە ساڵی ۱۲٦۸ی کۆچیی هەتاویی بەرامبەر بە ۱۸۸۹ی زایینی لە شاری یەزد لە خێزانێکی ئاست مامناوەند لەدایکبووە. بە هۆی

www.SID.ir

Archive of SID

کەمدەستیی و هەژارییەوە نەیتوانیوە پلەکانی خوێندن بە تەواویی تێبپەڕێنیت و دوای فێربوونی زمانی فارسی و ئاشنایەتی پەیداکردنێکی سەرەتایی لەگەڵ زمانی عەرەبی دەستی‌کردووەتە کارکردن بە مەبەستی دابین کردنی بژێویی ژیانی. ئەو لە سەرەتای شۆڕشی مەشرووتەدا پەیوەندی کردووە بە ئازادیخوازەکانەوە و بە وتە و شیعر و کردارە ئینقلابییەکانی لە بەرامبەر زوڵم و ستەمی ضعیم الدوله قشقایی حاکمی ئەوکاتی یەزد وەستاوەتەوە و لە ساڵی ١٢٨٤ی کۆچیی هەتاویی بەهۆی نوسینی شیعرێکی شۆڕشگێڕانەوە کە لە ستایشی ئازادیدا نوسیبووی خراوەتە زیندانەوە و بە فەرمانی حاکمی ناوبراو لێوەکانیان دووریوەتەوە. فەڕوخی یەزدی دوای یەک دوو مانگ زیندانی توانی لە زیندانەوە بەرەو تاران هەڵبێت.

کاتێک شاعیر تەمەنی گەیشتووە بە بیست و دوو ساڵ، بەهۆی شیعر و وتارە توندەکانییەوە بووە بە جێی سەرنجی ئازادیخوازان و ناوبانگی پەیداکردووە. فەڕوخی لە سەردەمی سەرۆک وەزیرایەتی وثوق الدوله دا بەهۆی ئەو ڕێکەوتنە شوومەی کە لە ساڵی ١٩١٩ی زایینی لە نێوان ئێران و وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا واژووکرا، هاتەدەنگ و بە توندی دژی وەستایەوە و بەم هۆیەوە ماوەیەک خرایەوە زیندان. لە سەردەمی ڕەزا خانیشدا لە ساڵی ١٢٩٢ی کۆچیی هەتاویی جارێکی تر بۆ ماوەیەک خرایەوە کونجی بەندیخانەوە. فەڕوخیی لە تاران چەندین وتار و شیعری لە ڕۆژنامە جیاجیاکاندا بڵاوکردووەتەوە و لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچیی هەتاویی بە زەحمەتێکی زۆر توانی ئیمتیازی ڕۆژنامەی *طوفان* وەربگرێت و لەگەڵ ئەوەی چەندین جار ڕێگە لە بڵاوکردنەوەی گیرا، بەڵام هەرجارە و لە ژێر ناوێکی تر و بە سوود وەرگرتن لە ئیمتیازی ڕۆژنامەی تر درێژەی دەدا بە دەرکردنی ڕۆژنامەکەی. ئەم ڕۆژنامەیە بە بڵاوکردنەوەی وتاری ئاگرین و توند دژ بە ستەم و زۆرداریی، بوو بە گرنگترین و پر فرۆشترین ڕۆژنامەی سەردەمەکەی خۆی. کاتیکیش پەخشەکەی ڕاگیرا، فەڕوخی بۆخۆی لە کووچە و کۆڵانەکاندا بڵاوی دەکردەوە. ئەم ڕۆژنامەیە بە درێژی تەمەنی پازدە جار ڕێگە لە بڵاوکردنەوەی گیراوە.

فەڕوخی یەزدی لە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاویی بوو بە نوێنەری خەڵکی یەزد لە پەرلەمانی ئێران و یەکێک بووە لە پەرلەمانتارە چالاکەکانی کەمە نەتەوەکان. فەڕوخی لە کۆتایی ئەو خولەی پەرلەمان، لە ئێران هەڵات و لە ڕێگەی ڕووسیاوە ڕۆیشت بۆ ئەڵمانیا. لە ئەڵمانیاش دەستبەرداری نووسینی وتاری ئاگرین و شۆڕشگێڕانە نەبوو و تا سەرەنجام دەوڵەتی ئەڵمانیا ناچاری‌کرد خاکی ئەڵمانیا بەجێ‌بهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ تاران. فەڕوخی دوای گەڕانەوەی جارێکی تر دەستی‌کردە دەرکردنی خولی دووەمی ڕۆژنامەی *طوفان* و دوای چەندین جار ڕاگرتن سەرەنجام کۆتا ژمارەی لە ساڵی ١٣٠٧دا بڵاوکردەوە. ئەو جگە لە ڕۆژنامەی *طوفان* لە هەر یەک لە ڕۆژنامەکانی *ستارەی شرق* و *پیکار* و *طلیعه آینه* و *افکار* دا وتار و نووسینی بڵاوکردووەتەوە. ئەو بە درێژایی تەمەنی بەهۆی هەڵوێست و ڕەخنەکانییەوە چەندین جار خراوەتە زیندان و یەک جاریش لە زیندان هەوڵی خۆکوشتنی داوە و سەرەنجام لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچیی هەتاویی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٣٩ی زایینی بە شێوەیەکی گوماناویی و ناشرین و نامرۆڤانە لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا لە زیندان کوژرا. هۆکاری مردنەکەیان گەڕاندەوە بۆ توشبوونی بە نەخۆشیی مەلاریا. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بە دەستی دکتۆر ئەحمەدی و لە ڕێگای دەرزیی و بە یارمەتی چەند کەسێکی تر کوژراوە. بەرهەمە

www.SID.ir

Archive of SID

بەناوبانگەکەی شاعیر، دیوانە شیعرییەکەیەتی کە خۆی لە قەسیدە و غەزەل و قیتعە (پارچە) و چوارینەکانیدا دەبینێتەوە و چەندین جار لە چاپ دراوە.[1]

**٢- هەڵوێستی ئەدەبی و بنەماکانی**

**٢-١- هەڵوێست لە وێژەی کوردیدا**

گەلی کورد لەوەتەی لەسەر ئەم خاکە نیشتەجێ بووە و خۆی ناسیوە بەر داگیرکاریی و ستەمی دەسەڵاتە باڵاکان کەوتووە و هەمیشە لەلایەن نەیارەکانییەوە ڕووبەڕووی زوڵم و ستەم بووەتەوە. ئەدەبیش بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی بارودۆخەکەیەتی، ئەو بارودۆخە نالەبارەی کوردستان ڕەنگڕێژی کردووە و لە شیعر و نووسینی شاعیران و نووسەراندا ڕەنگی داوەتەوە. بە واتایەکی تر ئەدەبی کوردی پڕە لە هاوار و گێڕانەوەی بەسەرهات و بەرەنگاربوونەوەی چینایەتیی و نەتەوایەتیی. بۆیە لە حاڵەتێکی لەو شێوەیەدا کە «شاعیر دەزانێت ژیان لەگەڵیدا ناکۆک و ناجۆرە، ڕاستەوخۆ پەنادەبات بۆ هێزێک، ڕزگارکەرێک کە لەو بارە ناهەموارەدا هاوسەنگی بۆ دروستبکات» (قەرەداخی، ٢٠٠٢: ٣٩). دۆخی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هۆکارێکی گەورە بووە کە هەر لە سەرەتای نووسین و تۆمارکردنی ئەدەبی کوردییەوە هەست بەم هاوار و هەڵوێستەی شاعیرانی وەکوو ئەحمەدی خانی، نالی، سالم، حاجی قادر کۆیی و بێکەس تا دەگات بە کامەران موکریی و دوای ئەویش بکرێت.

ئەدەبی کوردی هەرچەندە خاوەنی ڕوخسار و تایبەتمەندێتیی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا هاوشانی مێژوو پڕە لە هەڵوێستی جوامێرانەی نەتەوەیی. بۆ نموونە، داستانی «قەڵای دم دم» ئەگەر وەکو ڕۆمان تۆمارنەکرایە، ئێستا خاوەنی داستانێکی وەها نەبووین و مێژووش تەنها ڕووداوە گەورەکان دەگێڕێتەوە. شاعیران ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە هێشتنەوە و نەفەوتانی داستانەکان و تیایشیدا بەدەر لە هونەرەکە هەوڵیانداوە بەرامبەر هەموو نالەباریی و ناجۆرییەک هەڵوێست بنوێنن. مەبەست لە هەڵوێست، وەستانەوەی نووسەرە. بە جۆرێک «شاعیر لە بەرامبەر دونیادا دەوەستێتەوە. هی ئەوەیە ناتوانێ بەوە ڕازی بێ کە هەیە» (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠١: ٩٩). هۆکاری مانەوەی کوردیش لەم خاکەدا هەڵوێستی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی خۆیەتی. ئەگینا جوگرافیاکەی پڕە لە جێگە و کانی خوێناویی کە دوژمنان بە ناحەق ڕشتوویانە. کامەران موکرییش کە ڕۆڵەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانییە و لە شارێکی گەورەی وەک سلێمانیدا گەورەبووە، بەرهەمەکانی پڕە لە هەڵوێستی نەتەوەیی و سیاسی و بەرەنگاربوونەوەی نادادیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی.

**٢-١-١- هەڵوێستی ئەدەبی لای کامەران موکریی**

کامەران موکریی هەموو ژیانی لە شارێکدا بەسەربردووە کە بە درێژایی مێژووی سەدەی بیستەم بۆ بەرپەرچدانەوە و خۆپیشاندان بەرامبەر فەرمانڕەوای ستەمکار لە ڕیزی پێشەوەی شارەکانی تر بووە. شاعیر ئەدەب بە پەیوەستداری ڕاستەوخۆ دەزانێت بە ژیانی خەڵکییەوە و دەڵێت: «ئەو نووسینەی لە ئایدۆلۆجیایەکەوە هەڵنەقوڵابێت وشکە، بێسودە. نووسین ڕابواردن نییە، دەربڕینی بیروباوەڕ و هەستە بە ئازار و ئاواتەوە» (ئاگرین، ٢٠١٣: ٤١). مەبەست لە ئایدۆلۆجیا لای کامەران موکریی پشتیوانیی خەڵکی چەوساوەیە. هەر بۆیە لە دیوانەکەیدا بە ڕێزەوە باس لە شۆڕشگێرانی دونیا

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ژیانی شاعیر بڕواننە هەریەکە لە (فرشادمهر، ١٣٨٩: ٣٠١-٣٠٢) و (پورهاشمی، ١٣٨٩: ٦٨-٧٠).

www.SID.ir

Archive of SID

دەکات و دەڵێت خۆزگە لە وڵاتەکەی خۆمدا (کوردستان) پەیکەر بۆ ئەو خەڵکە ئازادیخواز و شۆڕشگێڕانە دروست بکرایە. هەوێنی شیعریی لای کامەران موکریی بە زۆری ژیانی ڕاستەقینەی گەلەکەیەتی. واتە ئەدەب لای کامەران مولتەزەمە (پەیوەستدارە) بە ژیانی خەڵکەوە. «کامەران باوەڕی وایە هۆنراوە فکرەیە. ناکرێت هۆنراوە بکرێت بە قوربانی سەروا. بەڵام دەکرێت سەروا لاسنگ بکرێت بۆ بیرێکی بە هێز» (حسن البصیر، ۱۹٦۰: ۳۹). هەڵوێست لای کامەران جا دەربارەی هەر بابەت و دیاردەیەک بێت ئامانج لێی جوانتر کردنی سیمای ژیان و دادگەریی و نوێ بوونەوەی ژیانە بەو شێوازەی کە شاعیر لە هۆنراوەکانیدا پیشانمان دەدات. لەم سۆنگەیەوە بە پشت بەستن بە شیعرەکانی لە بەشەکانی دواتردا باس لە هەڵوێستی شاعیر دەکەین دەبارەی دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی قۆناغەکەی.

## ۲-۲- هەڵوێست لە ئەدەبی فارسیدا

هەڵوێستی ئەدەبی یان بە واتایەکی تر ئەدەبی ناڕازی و ڕەخنەگرانە بەو جۆرە لە بەرهەمی ئەدەبیی دەگوترێت کە هەڵگری ڕۆحییەتێکی ڕەخنەگرانەیە لە بەرامبەر دۆخی نالەباری کۆمەڵگا لە هەموو ڕووەکانەوە. ئەدەبی فارسیش وەک هەر ئەدەبیاتێکی تر بێبەش نییە لەم جۆرە ئەدەبە. چونکە شاعیرانی ئێران-زەمین هەمیشە دژ بە نەهامەتیی و نالەبارییەکانی ناو کۆمەڵگا وەستانەتەوە و خۆیان بە بەشێک لە ئازار و مەینەتییەکانی گەلەکەیان زانیوە و گەلەکەیان لە ناخۆشی و نالەباریی و نەهامەتیدا بە تەنها بەجێنەهێشتووە. لەم ڕووەوە بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی فارسی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراوە و دەتوانرێت بگوترێت ئەم جۆرە ئەدەبیاتە مێژویەکی دێرینەی هەیە و لە پایە سەرەکییەکانی شیعر و پەخشانی فارسی دادەنرێت. «پێشەنگی ئەدەبی ڕەخنەگرانە لە شیعردا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی سێیەم تا پێنجەمی کۆچیی و بە دیاریکراوی بۆ هەریەکە لە ناسر خەسرەو و سنائی. دوای ئەو شاعیرانەش هەر یەک لە نیزامی گەنجەویی، خاقانی، خەییام نەیشابوری، سەعدی، خواجووی کرمانی، حافز، جامی، سائیب و بەهار تا ڕۆژگاری ئەمرۆش، زۆربەی شاعیران بە چاکەکانیان گوتووە چاک و خراپەکانیشیان ڕەت کردووەتەوە و دژ بە هەرجۆرە ناشرینی و ناڕاستی و نادادپەروەریی و زوڵم و ستەم و نایەکسانییەک وەستانەتەوە و هەڵوێستی جیددییان هەبووە» (پشتدار، ۱۹۸۹: ۱).

## ۲-۲-۱- هەڵوێستی ئەدەبی لای فەڕوخی یەزدی

فەڕوخی یەزدی وەک شاعیرێکی سەردەمی مەشرووتە، لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی مەشرووتەدا ئەندێشە و فکرەکانی خۆی دەربڕیوە و لە بەرامبەر هەموو زوڵم و نادادپەروەریی و نایەکسانییەکانی کۆمەڵگادا هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەبووە و هەمیشە ئەندێشەکانی خۆی لە چوارچێوەی غەزەل و چوارینە و دیوانە شیعرییەکەیدا خستووەتە بەرباس. بۆیە دەتوانین بڵێین شیعری فەڕوخی یەزدی ئاوێنەی هەموو غەم و هەممێکی وردی شاعیر بووە و ئەوەی لە شیعرەکانیدا هاتووە، کاریگەریی قولیان لەسەر ژیانی شاعیر بەجێهێشتووە. ئینجا خراونەتە قاڵبی ئەدەبییەوە. زۆرێک لە شیعرەکانی فەڕوخی کە لە ڕۆژنامەی *طوفان*دا بڵاوکراوەتەوە، هەڵگری بیری ڕەخنەگرانە بووە. «ئەو لە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی ئەم ڕۆژنامەیەدا چوارینەکانی خۆی کە لە توندترین ڕەخنە سیاسی و

www.SID.ir

Archive of SID

کۆمەڵایەتییەکانی پێکهاتبوون، بڵاوەکردەوە. تەنانەت لە شیعرە لیریکیی و عاشقانییەکانیشیدا بە سودوەرگرتن لە جوانترین وێنەی هونەریی بارودۆخی ئاڵۆزی کۆمەڵگای دەخستە ژێر نەشتەری ڕەخنە و گازندەوە« (مدرس زادە و دیگران، ١٣٩٢: ٧). بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییەی شاعیر کە بە شاعیرێکی ڕەخنەگر و ناڕازی سەردەمی خۆی دادەنرێت، تیشک دەخەینەسەر چەند نموونەیەکی شیعری شاعیر کە تایبەتن بە ڕەخنەگرتن و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە نالەباریی کۆمەڵگای ئێرانی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە.

### ٢-٣- بنەماکانی ئەندێشەی هەڵوێستی ئەدەبی لای هەردوو شاعیر

هاوشێوەی زۆرێکی لە شاعیران و نووسەرانی تر، ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی لە پایە سەرەکییەکانی شیعری هەردوو شاعیر دادەنرێت. بارودۆخی هاوشێوەی ئێران وەک وڵاتی فەڕوخی و کوردستان وەک وڵاتی موکریی، وای لە هەردوو شاعیر کردووە ببن بە فریادڕەسی میللەتەکەیان و دژ بە نەهامەتی و نالەبارییەکان بوەستنەوە و ڕێنیشاندەری خەڵکی بن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی زوڵم و ستەمدا. بە واتایەکی تر هەردوو شاعیر هونەرەکەیان کردووە بە کەرەستەیەک بۆ وێناکردنی بارودۆخی ئاڵۆز و ئاشوفتەی کۆمەڵگاکەیان. شیعری ئەوان ئاوێنەی ڕەنج و ناڵە و ستەم و هاوار و فەغانی سەردەمەکەیان بووە. کامەران ڕۆڵەی شارێکی یاخی و نەیاری وەک سلێمانی بووە و قۆناغەکەشی قۆناغی کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی و لێکەوتەکانی بووە. فەڕوخی یەزدیش لە سەردەمێکدا ژیاوە کە زوڵم و ستەم و دەست تێوەردانە دەرەکییەکان و خراپی فەرمانڕەوایانی ناوخۆ و خیانەت و هەژاریی و نەداریی و نایەکسانی باڵی بەسەر ئێراندا کێشابوو. هەریەکە لەم دوو شاعیرە بە شێوە و قاڵبی تایبەت بەخۆیان، ناوەڕۆک و ئاواز و نەغمەی جاویدان و نەمریان لە پێناو بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەری دەرەکی و فەرمانڕەوای خراپی ناوخۆیی هۆنیوەتەوە. ئێستا ئەو پرسیارە دێتەپێشەوە کە: چی ئەم دوو شاعیرە دەبەستێتەوە بەیەکەوە؟ بە واتایەکی تر، خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو شاعیر لەم بارەیەوە چییە؟ لەم توێژینەوەیەدا بە خستنەڕووی هەڵوێست و بەرەنگاربوونەوەی هەردوو شاعیر لە بەرامبەر کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایننیەکان هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

### ٢-٣-١- هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان

کامەران موکریی گەورەبووی جوگرافیایەکە بە درێژایی مێژوو بەدەست دواکەوتوویی لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانەوە ناڵاندوویەتی. شاعیرش لە ئەنجامی دونیابینی خۆی بۆ دەورووبەر ئەو وێنانە دەگوازێتەوە بۆ ناو دەقە شیعرییەکانی. شیعر لای کامەران وەزیفەی هەیە لە هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵدا و دیدی پێچەوانەی کلاسیکیی و ڕۆمانسیی هەبووە بۆ ژیان. دیدێک کە دەڵێ ئەدەب جیهانێک و واقعی حاڵ لە جیهانێکی تردا دەبینێتەوە. شاعیر لە شیعرەکانیدا ڕەخنە و هەڵوێستی بۆ زۆرێک لە دەردە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە و بە توندی بەرنگاریان بووەتەوە. فەڕوخی شاعیریش وەک هەر شاعیرێکی تری قۆناغەکەی لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمی ئێران و لێکەوتەکانی شۆڕشی مەشروتەدا هەوڵی داوە کێشە و ئاڵۆزیی و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان بە وشە و دەستەواژەی ئەدەبی و بە هەستێکی قوڵی شاعیرانەوە بەیان بکات. لەم پێناوەدا هەوڵ دەدات

www.SID.ir

Archive of SID

تەنانەت کێشە قووڵەکانی وەک جیاوازی چینایەتی و نادادی کۆمەڵایەتی و هەژاریی و نەداریی و نایەکسانی بە هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا و وروژاندنی مرۆڤدۆستی و پایە گرنگە ئەخلاقییەکان چارەسەر بکات. بۆیە زۆرترین جار چەمک‌گەلی وەکو ئازادی و نادادپەروەریی و ستەمکاریی و کرێکاری خاوەنکار و خیانەت و زوڵم و دووڕوویی و ئاشتیخوازیی و هەژاریی و تۆڵە و جەنگ و یەکریزی و یەکسانی و هۆشیاریی و یاسا و پارە و خۆپەرستی و چەندین چەمکی تری تایبەت بە کۆمەڵگای ئێرانی لە شیعرەکانیدا دەبینرێت و بەرامبەر زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هەڵوێستی نواندووە.

**۲-۳-۱-۱- هەڵوێست وەرگرتن دژ بە جیاوازیی چینایەتی و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی**

کاتێک شاعیر یان هەر کەسێکی خاوەن ویژدان جیاوازییەک دەبینێت لە نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، دێتەدەنگ و داوای یەکسانی و دادپەروەریی دەکات. کامەرانیش وەکوو شاعیرێکی بەهەڵوێست بەشێکی زۆری شیعرەکانی تەرخان کردووە بۆ ئەم بابەتە و هەوڵی داوە دژ بە نایەکسانییەکان بوەستێتەوە و لەگەڵیشدا خەڵکی هۆشیار بکاتەوە. بە واتایەکی تر کامەران شیعر دەکاتە چەکی دەستی، دژ بەو دەسەڵات و بیرکردنەوە ناجۆرانە و تا ڕادەیەک خۆی یەکلاکردووەتەوە و خۆی بە هاوژان و هاوچینی هەژاران دەزانێت و دەڵێت:

نامـــەوێ هـەرگیـــز مـــن دەوڵـەمـــەنـــد بمــــــ
وەکـــــوو ئەوانــــــە ڕســـوا و بەپەنـــد بمـــــ
چـونکــــە بـــە تەنیـــــا ڕەنجـــــی هــــەژارە
ئــــەبـــێ بــــە زێــــڕ و ســامــــان و پــــارە
(کامەران: ۲۸۸)

شاعیر بە شیعرەکانی لایەنگریی و پشتیوانیی خۆی بۆ چینی هەژاران دەردەبڕێت و بە سەرچاوە و هەوێنی شیعری خۆی دایاندەنێت و دەڵێت:

لای من ئەبێ هۆنراوە بــۆ چینـی هـــەژاران بــێ
دەنگـــی پاڵــــە و ڕەنجبــــەران و جوتیـــاربــێ
چونک ئەبێ خوێن بێ، ئەبێ نەبەرد و جەنگ بێ
نەک بە تەنیـــا هـــەر وشـــەی ڕەنگـــاوڕەنگ بـــێ
(کامەران: ۳۳۷)

کامەران بە شێوەیەک دژ بە نادادیی و جیهانی سەرمایەداری و کەسی سەرمایەدارە. وەک سەرچاوەی هاتنەئارای جیاوازییەکانیان دەزانێت و دەگاتە ئاستی ڕەگەزپەرستی و بە دز و خراپەکار ناویاندەبات و دەڵێت:

ئەوی لـە سـامـــان نزیک بێتــــەوە
ڕەوشتی بـــەرزی بیـــرئـەچێتـــەوە
(کامەران: ۲۸۱)

www.SID.ir

Archive of SID

ئەم بیرە لە شیعرێکی تریدا توند دەبێتەوە. کاتێک دەڵێت:

کـێ ئەمـڕۆ دزە لای ئێمـە پیـاوە
کێش پیـاوە ، ڕەنجـی بـە بـادراوە
(کامەران: ۲۸۳)

کامەرانی شاعیر لە ڕوانگەی پشتیوانی لە کەسانی هەژار و بێدەسەڵات، پەردە لەسەر دیاردەیەکی قێزەونی چینی سەرمایەدار و دەرەبەگ هەڵدەماڵێت و بە توندی سەرکۆنەی دەکات. ئەویش دیاردەی بەزۆر ژن لە پیاو سەندنەوە و لە خۆ مارەکردن یان لە کەسانی نزیک لەخۆیان مارەکردنە. بۆ نموونە، لە هۆنراوەی «بوکی لادێ» دا دژ بەو فێڵ و دەستدرێژییە دەوەستێتەوە و دەڵێت:

دوای فـرمێـسکـــی درۆ ڕشتـــن
بـەڵێـنـــی تـــاوانبـار کـــوشتـــن
ژنـــی جـــوتـیـــاری مـــارەکـــرد
خوێنـــی تـــازە پشکتـــووی بـــرد
(کامەران: ٥٨)

شاعیر لەم دوو دێڕە هۆنراوەیەدا باس لە بەزۆر سەندنەوەی ژن لە هەژار و مارەبڕینی بۆ کوڕی کوێخا دەکات. تەنانەت بەوەوە نەوەستاون و کوشتنی تازە زاواش دەخاتەڕوو، بۆ ئەوەی بە بوکی تازە ئاشنا نەبێت. بۆیە شاعیر بە توندی دژی وەستاوەتەوە.

بارودۆخی ئێران لەسەردەمی قاجاردا زۆر نالەبار و قەیراناویی بوو و زۆربەی خەڵکیش گرفتاری ئەو قەیرانە ببوون. شاعیرانیش بە ڕێژەی جیاواز گیرۆدەی ئەو کێشانە بوون. «فەڕوخی یەزدی بەهۆی کاریگەریی ئەو کەمدەرامەتی و هەژارییەوە دەربڕاویی زۆری لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە و هەمووی دەرخەر و ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەن. لەوانە: پەیکەری ڕووتی کرێکار، پێی خاوس، نانی کرێکار، دەهقانی لاواز، سەردەمی بێ ماڵی...» (حسن زادە میرعلی و دیگران، ١٣٩٤: ٢١). ئەم نموونانەی خوارەوەش مشتێکە لە خەروارێک دەربارەی هەژاریی و کەمدەستی. وەک لەم شیعرەدا دەڵێت:

از جنس فقیرانم و با این غم بسیـار
دل شاد از آنم که غنی زاده نبودم
(فەڕوخی: ٣٢)

ما خیل گدایان که زر و سیم نداریم
چون سیم نداریم ز کس بیم نداریم
(فەڕوخی: ٥٥)

فەڕوخی شاعیر وەک ڕۆڵەی قۆناغێکی نالەبار لە ڕووی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نایەکسانییەوە دژ بە ناهەقی و نایەکسانی کۆمەڵگا دەنگ هەڵدەبڕێت و بە زمانی شیعر خەڵکی

www.SID.ir

Archive of SID

هۆشیار دەکاتەوە و ڕەخنەی توند لە فەساد و جیاوازی چینایەتیی و نەبوونی دادپەروەریی دەگرێت و لەو باوەڕەدایە دەڵێ جیاوازیی چینایەتیی هیچ کاتێک ئارامی کۆمەڵایەتی بەدیناهێنێت:

تا مگر عدل و تساوی در بشر مجری شود
انقلابی سخت در دنیا بپا باید نمود
(فەڕوخی: ٤٦)

شاعیر هەولی ڕزگارکردنی چینی هەژاران و کەمدەرامەتان دەدات لە دەست چینی سەرمایەدار و زۆر بەتوندی دژ بە سەرمایە و سەرمایەدار دەوەستێتەوە و لەم هۆنراوەیدا چەمکەکانی «ئەرک» و «ماف» دەکاتە بناغەی ئەندێشەی خۆی و لەگەڵ زیادکردنی مافی کرێکار و جێبەجێ کردنی دادپەروەریدایە، کاتێک دەڵێت:

در صف حزب فقیران اغنیا کردند جای
این دو صف را کاملا از هم جدا باید نمود
(فەڕوخی: ١٣٩)

هەر دەربارەی کرێی کرێکار و خواردنی مافی کرێکاردا هەڵوێست وەردەگرێت و دەڵێت:

مزد کار کارگر را دولت ما می‌کند
صرف جیب هرزه‌ها، ولگردها، بیکارها
(فەڕوخی: ٨٤)

هەمیشە یەکێک لە نیگەرانییەکانی فەڕوخی نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی نێوان هەژار و دەوڵەمەندە (نیازی و مطیعی مهر، ١٣٩٣: ٨) و لە یەکێک لە غەزەلەکانیدا دەڵێت:

توده را با جنگی صنفی اشنا باید نمود
کشمکش را بر سر فقر و غنا باید نمود
(فەڕوخی: ١٣٩)

**٢-٣-١-٢- هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر زوڵم و ستەمکاریی**

ڕەت‌کردنەوەی ستەمکاریی لای شاعیران بە گشتی و کامەران موکری بەتایبەتی لە ژیانی ڕۆژانە و لە دەقە شیعرییەکانیدا بە ڕوونی دیارە. چونکە کامەران بە درێژایی ژیانی دواندەر (خەتیب)ی زۆرێک لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژگاری خۆی بووە و ئەمەش لە بەرهەمەکانیدا بە چەند شێوەیەک ڕەنگی داوەتەوە:

هەور بومایە نمێ بارانم
دەغلی زۆرداری نەئەگرتەوە
ئاسمان بومایە ئەستێرەکانم
ورشەی لە قەڵای زوڵمی نەئەدا
(کامەران: ٢٨٣)

www.SID.ir

Archive of SID

لەم هۆنراوەیەکە هەموو جۆرە ستەمێک ڕەت دەکاتەوە و کەرەستە گەورەکانی سروشتی هێناوەتە ناو دەقەکەیەوە. کە ئەمەش جۆرێک لە یەکلایی و دڵنیایی شاعیرە بۆ ئەو ڕەت کردنەوەیە.

فەڕوخی یەزدیش هاوشێوەی کامەران موکری هەمیشە دژ بە زوڵم و ستەم وەستاوەتەوە. «شیعری فەڕوخی ئاوێنەی هەموو هەڵکشان و داکشانی ڕاپەڕین و هاواری میللەتە بەرامبەر زاڵمان. شیعرەکانی لە پاڵ هەستێکی قوڵی نائومێدی هەمیشە قبوڵنەکردن و ڕەتکردنەوەی زاڵم تێیدا ڕەنگیداوەتەوە» (نیازی و مطیعی مهر، ١٣٩٣: ٧). لەم غەزەلەدا شاعیر باس لە زوڵم و زۆری زاڵمان دەکات و دەڵێت:

این ستمکاران که می خواهند سلطانی کنند
عــالمی را کشتــه تا یکدم هوسرانـــی کنند
آنچـــه باقـی مانـده از دربــار چنگیز و نرون
بــار بــار آورده و ســـــر بــار ایرانـــی کنند
جشن و ماتم پیش ما باشند یک، چـون بره را
روزگـــار جشن و ماتم هــر دو قربــانی کنند
(فەڕوخی: ١١٨)

فەڕوخی هەمیشە ستەم و زوڵمی بە ڕێگر لە ئازادی زانیوە و دژ بە زاڵم وەستاوەتەوە. تەنانەت ئەگەر گیانیشی لەو پێناوەدا بەخشیبێت. وەک دەڵێت:

آن زمان که بنهـادم ســـــر به پـــای آزادی
دست خـود زجـــان شستم از بـــرای آزادی
تـا مگـــر بـه دست آرم دامـن وصـــالش را
می دوم بـه پـای ســـــر در قفـــای آزادی
(فەڕوخی: ١٧٦)

فەڕوخی شاعیر تەنها بە دژایەتی کردنی زاڵمان و ستەمکاران نەوەستاوەتەوە، بەڵکو هەوڵیداوە خەڵکی هۆشیار بکاتەوە و داوای بەرەنگاریی ئەو حاڵەتە نەخوازراوانەیان لێدەکات و هیمەتی پیاوانە و هۆشیاریی میللەت بە تەنها هۆکاری تەسلیم نەبوون بە ستەمکاران دادەنێت، کاتێک دەڵێت:

پیش روز و زر غــالب همـــه تسلیم شدنـــد
آنکـه تسلیم نشـــد همت مردانـــه مـــاست
(فەڕوخی: ١١٨)

### ٢-٣-١-٣- هەڵوێستوەرگرتن بەرامبەر بێدەنگیی کۆمەڵگا

کۆمەڵگا و تاکەکانی هەمیشە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە دیاریکردنی چارەنووسی وڵات و حکومەتدا. هەروەکو چۆن هۆشیاریی و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر نادادیی و خراپەکارییەکان ڕۆڵی هەیە لە بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگادا، ئاوهاش بێدەنگی و گوێ نەدانی کۆمەڵگا زیانێکی زۆری هەیە لەسەر بەرەو خراپ ڕۆیشتنی دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایان، نووسەر و شاعیرانیش وەک بەشێکی کاریگەری کۆمەڵگا و وەکوو چاوی کۆمەڵگا ڕووداو و وێنەکان بە شێوازێکی تر دەبینن و لە بەرهەمەکانیاندا ئاوێتەی بیر و غەمی خۆیان دەکەن. چونکە وەستانەوە دژ بە نەبوونی دادپەروەریی

www.SID.ir

Archive of SID

بەشێکە لە ئیلتزامە مرۆڤانەکەی شاعیر، ڕەتکردنەوە و دژە هەڵوێست پەیوەندیی بە ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵ و شاعیر (وەک تاک)ەوە هەیە. بۆیە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و بە ئاگاهێنانەوەی، یەکێکە لە پەیامە سەرەکییەکانی شیعری شاعیران. پشتیوانیی کردنی دەسەڵاتداران و کەسانی سەرمایەدار و خاوەن پۆست و پارە بۆخۆی جۆرێکە لە بێهەلوێستی کۆمەڵگا و سەرەنجام ناهاوسەنگیی و نادادپەروەریی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆیە شاعیران نەک هەر دژ بە بێدەنگیی کۆمەڵگان، دژ بەو کەسانەش دەوەستنەوە کە هەمیشە لە دەورووبەری کەسانی دەسەڵاتدارن و بنەمای ڕێزگرتنیان لەسەر بوون و نەبوونی سەروەت و سامانە. لەم بارەیەشەوە کامەران موکریی دژ بەو دیاردەیە دەوەستێتەوە و دەڵێت:

لای ئێمە بەرزی هەر بە سامانە
نەبوونیی سوکیی و نزمیی تاوانە
کێ دەوڵەمەند بوو دەلێن بوو بە پیاو
وەکوو پیاو نەبن ئەم هەژارانە
(کامەران: ۲۹۵)

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر ڕەخنە لە بێهەڵوێستی و تێڕوانینی خراپی کۆمەڵگا دەگرێت کە ڕێزی بێبنەما لە دەوڵەمەند دەگرن و سوک سەیری هەژاران دەکەن. لە کۆتاییدا دەڵێت ئەمە هۆکاری لاوازی و ناپیاوییی هەژار خۆیەتی کە بە کەم سەیری خۆی دەکات و گەورە سەیری دەوڵەمەند دەکات. بێگومان کاتێک تاکێکی ئاسایی کۆمەڵگا لە ئاست کەم و کوڕییەکان بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، زیانەکانی لە سنوورێکی تەسکتردا دەبێت بە بەراورد بە بێدەنگی ڕۆشنبیران و نووسەران. بۆیە کامەرانی شاعیر دژ بە هاوڕێ شاعیرە نزیکەکانی هەڵوێست وەردەگرێت و ڕەوشتی هەلپەرستانەیان ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە وەک ئەو خۆیان بۆ خۆشەویستی و خزمەتی نیشتیمان تەرخان ناکەن. لەم سۆنگەیەوە دەڵێت:

هاوڕێکانم وەک من شەیدای خاکی وڵات نین
سوتەمەنی و کڵپە و گڕی ڕێگەی خەبات نین
هاوڕێکانم هەر بەدەم هەن... شەیدای سامانن
دەمی درۆزن زەبری دەست و بازوی تاوانن
(کامەران: ۱۹)

لە بێدەنگی و بێهەڵوێستی خراپتر و ترسناکتر، دیاردەی بەرژەوەندیخوازی و مەرامی کاسەلێسیی خەڵک بە گشتی و نووسەر و شاعیران بە تایبەتیە. بۆیە شاعیر لە هۆنراوەیەکدا بە ناوی «ئەم ئادەمیزادە» ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت کە کاسەلێسی بۆ خەڵکی بە دەسەڵات و دەوڵەمەند دەکەن و بە کارێکی ناشیرین و ناپەسەند وەسفی دەکات:

ئەم نزمییە تاکەی سەپانی هەژار
گەمژە نەبێ ئاوا ناکەی بۆ زۆردار

www.SID.ir

Archive of SID

هەر بۆ نەختێ نـان و چێشتـی بەرمـاوە
دەستـی سوکیت لەسـەر کەمـەرت دانـاوە
(کامەران: ٣٢٩)

فەڕوخی یەزدی-یش هاوشێوەی کامەران موکری هەمیشە هەوڵی داوە بە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا دژ بە نادادی و خراپەکارییەکان هانی خەڵکی بدات بۆ هەڵوێست وەرگرتن دژ بە کاربەدەستانی ئێران و نەیارانی ئێران. لەم ڕووەوە بەرامبەر بێئاگایی و خەوی قووڵی کۆمەڵگا دێتەدەنگ و دەڵێت:

هـر خـویش چـو نقش در و دیوار نشـد
از نقشـەی بیگانـە خبـردار نشـد
یک عمـر بـرای این ملت خـواب آلـوده
فریـاد و فغـان زدیمـ و بیـدار نشـد
(فەڕوخی: ٢٤٤)

شاعیر لە هۆنراوەیەکی تردا ڕەخنە لە خەڵک دەگرێت، کە چۆن سەرباری نەبوونی ئازادی و سەربەستی، شاد و دڵخۆشن و دەڵێت:

خوار و زار و بی کس و بی خانمان و دربـدر
بـا وجود این همه غم، شـاد و خرسندیم مـا
(فەڕوخی: ٨٠)

هاوشێوەی کامەران موکری، فەڕوخی یەزدی-یش ڕووی دەمی لە خاوەن قەڵەم و نووسەران دەکات و لە ئاست بێدەنگی و بێهەڵوێستییان ڕەخنەبارانیان دەکات و دەڵێت:

مـرا بـارد از دیگـران اشک خونـی
بـر احـوال ایـران و حـال کنـونـی
غـریقیـمـ سـراپـای در آب و آتـش
ز آه درونـی ز اشـک بـرونـی
زبـان آوران وطـن را چـه آمـد
کـه لب بستـه خـو کـرده بـه ایـن زبونـی
چـه شـد ملتـی را کـه یـزدان ز قدرت
همـی داد بـر اهـل عالمـ فزونـی
(فەڕوخی: ١٩٤)

فەڕوخی شاعیر بۆخۆی هەمیشە کەسێکی ئازاد و سەربەست بووە و لە شیعرەکانیشیدا دژی هەر کەسێک بووە کە لە پێناو بەرژەوەندی کەمدا وازی لە کەسایەتی و ناوبانگ و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی بهێنێت. وەک دەگوترێت «فەڕوخی هیچ کاتێک وەک منداڵێک نەبووە لە پێناو بەدەستهێنانی ئەوەی دەیەوێت گریە و زاری بکات. هەروەها وەکو پیرێکی پەککەوتەش نەبووە بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەکانی جگە لە چاپلوسیی و کاسەلێسی و ماستاوکردن هیچی لەدەست نەیەت» (صافی، ١٣٨١: ١٠). لەم ڕووەوە هەمیشە بە قەڵەمەکەی دژ بەو جۆرە کەسانەوە وەستاوەتەوە و شانازی بە سەربەست بوونی خۆیەوە کردووە:

www.SID.ir

Archive of SID

فرخی بهر دو نان، در پیش دونان هیچوقت
چاپلوس و آستان بوس و تملق گــو مبــاش
(فەڕوخی: ١٥٩)

پیش دشمن سپر افکندن من هست محـال
در ره دوســـت گـــر آمـاجگـــه تیـــر شوم
جوهــرم هست و برش دارم و مانـم به غلاف
چون نخواهم کج و خونریز چو شمشیر شوم
(فەڕوخی: ١٦٨)

**٢-٣-٢- هەڵوێستە سیاسییەکان**

شاعیران وەک زمانحاڵی میللەت، هەوڵدەدەن بە خستنەڕووی کەموکوڕییەکانی وڵات و حکومەتەکەیان و ڕەخنەگرتن لە کاربەدەستە خراپەکانی حکومەت و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەریان، لە لایەکەوە ڕێگریی بکەن لەو زوڵم و ستەمەی کە دەرهەق بە گەلەکەیان ئەنجامی دەدەن، لەلایەکی تریشەوە لە هەوڵدان خەڵکی هۆشیار بکەنەوە و چیدی زوڵم و زۆرداریی قبوڵ نەکەن. بەو پێیەی کات و جوگرافیای ژیانی کامەران سەرچاوەی زۆرێک لە بەرهەمەکانێتی، بۆیە ڕەخنە و ڕەتکردنەوەی ڕامیاریی لای کامەران بە مەبەستی هۆشیاریی گشتییە بۆ ئەوەی دەوروبەر (خوێنەر) ئاشنابن بە ماف و زانینی نادادیی و ستەمکاریی فەرمانبەران. «ئەگەر ئارامیی سیاسی لە واقیعی تاک و کۆمەڵدا ون بوو، یاخود دەستەبەر نەبووبێت، ئەوا تاک لە وەها حاڵەتێکدا تووشی دڵەڕاوکێ دەبێ» (عیززەددین، ٢٠١٥: ٤٥). دۆخی ئەوکاتی شاریش پێویستی بە هۆنراوەی مولتەزم و ئاگرینی وەک هۆنراوەکانی ئەو هەبووە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بۆ چەندین بابەت و لە چەندین شوێنکاتی جیاوازدا هەڵوێستی نواندووە.

**٢-٣-٢-١- هەڵوێست وەرگرتن دژ بە کاربەدەست و بەرپرسە ناوخۆییەکان**

هۆنراوەکانی کامەران هەڵقوڵاوی خەمی کۆمەڵگاکەیەتی؛ «یەکێک لە سیماکانی شیعری هاوچەرخی کوردی تێکەڵ بوونێتی لەگەڵ غەمی مرۆڤی کورد» (محمد قادر، ٢٠١٠: ٧١). ژان و غەمیش بەشێکن لە واقیعی هەر کۆمەڵێک. بۆیە شاعیر ویستوویەتی ئەم ژان و غەمانە بە شێوەی شیعر و بە هەڵوێستەکانی بخاتەڕوو و هەوڵی داوە خەڵکی هۆشیار بکاتەوە. هەر وەک چۆن لە هۆنراوەی «سروودی سەرکەوتن» دا، کە تەنها بە چەند ڕۆژێک دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ و گۆڕینی سیستەمی فەرمانڕەوایی نووسیویەتی. هەرچەند هۆنراوەکە دوور و درێژە، بەڵام لە بەشێکیدا باس لە کاربەدەست و کەسانی هەلپەرست دەکات کە پشتیان لەنەوەی خۆیان کردووە و دەڵێت:

ئـــەی خـــائینـــــانـــی وەتــــەن
دەک هـــەر خـۆتـــان بە خـۆتـــان بـــن
ڕەوایـــە بـــەم چـــەشنـــە بمـــرن
ڕەوایــــە ئـــــاوا پــــەت کـــــران
بەڵێ هــەق بـــوو ونجـــڕکـران
(کامەران: ١٦٠)

www.SID.ir

Archive of SID

کامەرانی شاعیر هەرچەند کەمتر بە ڕاستەوخۆیی ناوی کەسایەتییەکانی هێناوە و ڕەخنەی لێ گرتوون بە بەراورد لەگەڵ فەڕوخی یەزدی، بەڵام لە هۆنراوەی «ئەی شاری سلێمانی»دا باس لە کارە دڕندانەکانی «زەعیم سدیق» دەکات و نەفرەت لەو کەسایەتییە دەکات و دەڵێت:

دوژمنـــی ئـابــروو تکـــاو
بـڕبـــڕی مەردێتـــی شکــاو
لـەنـــاو شـــارا بەبێ وچــان
تۆوی ترس و مەرگی ئەچــان
(کامەران: ٣٩٠)

کامەران لە درێژەی هۆنراوەکانیدا هانی خەڵکی دەدات دژ بە داگیرکەر و داوای بەرەنگاربوونەوەیان لێ دەکات و دژ بە ستەم و کۆیلایەتی دەوەستێتەوە و دەڵێت:

ژین کــە دیلی بێ سەرومــڕ
ئیتـر بۆچـی نەبین بـە گــڕ
تـا خوێنـمــان نـەڕژێتــە گڵ
هەرگیـز ناگــەشێتەوە گــوڵ
(کامەران: ٢٤٢)

فەڕوخی یەزدیش وەکوو کارەکتەرێکی دیار و خاوەن هەڵوێستی گۆڕەپانی سیاسی ئێرانی سەردەمی خۆی، لە پاڵ پیشەی پەرلەمەنتاریی و چالاکی سیاسییدا، بە شیعرەکانی و بە ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی نالەباری مەملەکەت ویستوویەتی ئەوە لە خەڵکی بگەیەنێت کە بەبێ ڕەنج و خەبات و تێکۆشان، ئازادی و سەرفرازی بەدەست نایەت:

هـر لحظـه مزن در کـه در این خانـه کسی نیست
بیهـوده مکن نالــه کــه فریــادرسـی نیست
شهـری که شـه و شحنـه و شیخش همه مست‌اند
شاهــد شکند شیشه که بیم عسسی نیست
آزادی اگـــر می‌طلبـــی غرقــه به خـــون بـــاش
کاین گلبن نوخـاستەی خار و خسی نیست
(فەڕوخی: ٩٦)

وەک لەم هۆنراوەیەدا دیارە شاعیر بە بێ‌هیواییەکی زۆرەوە دژ بە کاربەدەستان و فەرمانڕەوایان دەوەستێتەوە و بە سەرچاوەی نەهامەتی و بەدبەختی دایاندەنێت. فەڕوخی شاعیریش لە شیعرەکانیدا زیاتر لەوەی ڕووی دەمی لە داگیرکەری دەرەکی و دەستی دەرەکی بێت، ڕوودەکاتە کاربەدەست و بەرپرسانی ناوخۆیی و بە هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگا لە قەڵەمیان دەدات و دەڵێت:

بدبختـــی مــا تنهـــا از خـارجـــه نبـــود
هر شکوه کـه ما داریم از داخله بایــد کـــرد
بـا جامعـــه مستحفظ در قافلــه دزدان‌انــد
این رهزنــان را گـــرد، از قافلـه بایــد کـــرد
(فەڕوخی: ١١٨)

www.SID.ir

Archive of SID

شاعر له شیعرێکی تردا بەرامبەر کەمتەرخەمی و ناکارامەیی کاربەدەستان هەڵوێست وەردەگرێت و دەڵێت:

ما از آن خانه خرابیم که معمار دودل
نیست یک لحظه در اندیشه آبادی ما
داد از دست جفای تو که با خیره سری
کرد پامال ستم مدفن اجدادی ما
(فەڕوخی: ۸۰)

فەروخی لەگەڵ ئەوەی بۆخۆی ئەندامی پەرلەمان بووە، کەچی یەکێک لە کێشەکانی کۆمەڵگای ئێرانی دەگەڕێنێتەوە بۆ بوونی ئەو دەزگایە و ڕەخنە لە نوێنەرانی گەل دەگرێت و بە خاکفرۆش و دەڵاڵ لە قەڵەمیان دەدات و دەڵێت:

آن که از آرا خریدن مسند عالی بگیرد
مملکت را می فروشد تا که دلالی بگیرد روی
روی کرسی وکالت آن که زد حرف از کسالت
اجرت خمیازه خواهد، حق بی حالی بگیرد
(فەڕوخی: ۱٤۰)

لە جێگایەکی تردا فەڕوخی شاعیر ڕووی دەمی دەکاتە کاربەدەستانی ئێران و دژ بە ناکۆکیی ناوخۆیی هەڵوێست وەردەگرێت و داوای یەکگرتن و یەکڕیزییان لێدەکات:

داروی او اتحاد و همت ما هست و بس
لیک این فریادها را کی بود فریادرس؟
ای هواخواهان ایران، نوبت مردانگی است
پای غیر آمد میان، نی وقت جنگ خانگی است
(فەڕوخی: ۱۸۸)

دوای ئەوەی فەڕوخی-یش وەکوو زۆرێک لە شاعیرانی تر لە سەرەتای هاتنەسەر حوکمی ڕەزا شا، لایەنگریی لەو کردووە و لە شیعرەکانیدا ستایشی کردووە، بەڵام هەر زوو ماهییەت و کەسایەتی کۆماری و ڕەزاشای بۆ دەرکەوت و دژایەتیی خۆی بۆ ڕەزا شا و حکومەتی کۆماری دەربڕی:

همه گویند چرا دل به ستمگر دادی
دادم آن روز به او دل که ستم کار نبود
همه در پرده ز اسرار سخن‌ها گفتند
لیک بی پرده کسی واقف اسرار نبود
بود اگر جامعه بیدار درین دار خراب
جای سردار سپه جز به سردار نبود
(فەڕوخی: ۱٤٤)

ناوهێنانی ڕاستەوخۆی کەسایەتی و پیاوانی دەوڵەت و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەریان یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری فەڕوخی و کەم سەرکردە و کەسایەتیی سیاسی ئێرانی قۆناغەکە هەبووە دوور بێت لە ڕەخنەی شاعیر. یەکێک لەو کەسانەی کە فەڕوخی بە توندی ڕەخنەی لێ‌گرتووە

www.SID.ir

Archive of SID

«وثوق‌الدوله»یە، لە پای ئەو ڕێککەوتنە شوومەی کە لە ساڵی ۱۹۱۹ ئەنجام درا و ویستی ئێران بخاتە ژێر ڕکێفی بێگانەکانەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

نصرت‌الدوله در فنای وطن
در اروپا کند تلاش ببین
همچو دلال، در فروش وطن
دائمش مشتری تراش ببین
(فەڕوخی: ١٩٤)

بە شێوەیەکی تەنزاویش بەم شێوەیە بەرامبەر «مشیرالدوله» دەدوێت:

ای آنکه تو را گفته‌ی ما باور نیست
ور هست ز جبن، قدرت کیفر نیست
با منطق و مدرک بشنو ناله ما
گر گوش رئیس الوزرایی کر نیست
(فەڕوخی: ٢١٦)

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە فەڕوخی هەمیشە دژی وەستاوەتەوە، زۆر بەڵێن دان و گوفتاری زۆر و نەبوونی کردار و کار کردنە. لەم ڕووەوە فەڕوخی پێی وایە مرۆڤی سەرکەوتوو کەسێکە کار بە گوفتارەکانی بکات و تەنها لە سنووری قسە کردندا نەوەستێت:

شرط خوبی نیست تنها جان من گفتار خوب
خوبی گفتار داری بایدت رفتار خوب
گر ترا تعمیر این ویران عمارت لازم است
باید از بهر مصالح آوری معمار خوب
(فەڕوخی: ٩٠)

ای دوست برای دوست جان باید داد
در راه محبت امتحان باید داد
تنها نبود شرط محبت گفتن
یک مرتبه هم عمل نشان باید داد
(فەڕوخی: ٢٣٠)

### ٢-٣-٢-٢- هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە دەوڵەتانی دەرەکی

کامەران پەیوەست بە پرۆسە داگیرکارییەکانی وڵاتانی دەرەکی و هەڵگیرساندنی جەنگ و ماڵوێرانی و نەبوونی ئارامی کە بە سەرچاوەی نەهامەتی و وێرانکارییەکان وێنای دەکات و دێتەدەنگ و نەفرەت لە داگیرکاری دەکات و دەڵێت:

www.SID.ir

Archive of SID

تــف بێـــت لـــــه شــــــەڕ
تف لـە چارەی شەرگێڕی گەڕ
تف لـــە پـــارە و زێـــڕی گڵاو
تف لـــە ئیستعمـــاری بەدنـاو
(کامەران: ۳۷۵)

کامەران لە جێگایەکی تردا بەرامبەر نەیاران دەوەستێتەوە و دژ بە ژێردەستەیی دێتەدەنگ باس لە کۆڵ نەدان و مل نەدانی گەلی کورد دەکات کە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە و دەڵێت:

ئەوەی مێــژووی کــورد بخوێنێتـــەوە
ئەڵقـــەی زنجیـــرەی بهۆنێتـــەوە
تێئەگـا هەرگیـــز ســـەر نانێتـــەوە
هیـــچ هێـــزێک نییـــە بیتوێنێتـــەوە
ئەو چـەرخـــە نەمـا درەختی ڕەگــەز
ڕیشەی دەرکێشن هی ئێمەی نەبەز
(کامەران: ۱۵۸)

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی هۆنینەوەی شیعری سیاسی و نیشتیمانی لە لایەن فەڕوخی شاعیرەوە بە پلەی یەکەم دژایەتی‌کردنی دەوڵەتە بێگانەکان و بە پلەی دووەم کردنە دەرەوەی ئەو دەوڵەتانەیە لە ئێران. (واقف زادە، نجفی، ۱۳۹۵: ۱۲). فەڕوخی یەزدی دژ بە هەر یەک لە دەوڵەتەکانی ڕووس و بەریتانیا و دەست و پێوەندە ناوخۆییەکانیان دێتە دەنگ و دەڵێت:

حالیا کز سلم و تور و انگلیس و روس هست
ایرج ایـران سراپـا دستگیـر و پـای بست
بـه کـه از راه تمـدن ترک بی مهـری کنی
در ره مشروطـــه اقـدام منوچهـــری کنـــی
(فەڕوخی: ۱۸٦)

فەڕوخی بە هۆی ئەو هەستە بەهێزە بۆ نیشتیمان و سەربەخۆیی خاکەکەی هەیبوو هەمیشە دژ بە داگیرکەران بووە و دەستەواژەگەلێکی وەکوو «جزیره آتش خیز» و «لرد طلاپرست»ی بۆ ئینگلیزەکان بەکارهێناوە:

هرجـا سخن از سیـم و زر نـاب رود
کـی لـرد طلاپـرست در خـواب رود
ای کاش که این جزیرەی آتش خیز
خـاکـــش ز نـزول بـاد در آب رود
(فەڕوخی: ۲۳٤)

www.SID.ir

Archive of SID

هەرچەند بە هۆی ئەندێشەی سۆسیالیستییەوە کەمتر دژ بە ڕووسەکان بووە، بەڵام هەندێ‌جار دژ بە دەست تێوەردانی ڕووسەکان بووە و بە ئەسەفەوە باسی شانازییەکانی ڕابردووی ئێرانی کردووە:

این همـان ایران کـه منزلگاه کیکــاووس بود
خوابگــاه داریــوش و مأمــن سیــروس بود
جای زال و رستم و گودرز و گیو و طـوس بود
نی چنین پامــال جـــور انگلیس و روس بود
(فەڕوخی: ١٨٦)

فەڕوخی لە پێنجینەیەکی موستەزاددا کە بەشێکە لە دیوانەکەی، نەفرین و ڕقی خۆی بەرامبەر بێگانەکان دەردەبڕێت و بەتوندی دژ بەو کەسانەش کە هیوایان بە بێگانەکان هەیە هەڵوێست وەردەگرێت:

اجنبـی گـر به مثل می‌دهدت سـاغر نوش
ذ ــوش نیــ ــش ا ست، منـــ ــوش
وز پی خستــن او در همـــه اوقات بکــوش
تـــ ــا تـــ ــوان داری و تـــ ــوش
که عدو دوست نگردد به خدا گر نبی است
اجنبـــــ ـــی اجنبـــــــ ـــی ا ست
(فەڕوخی: ١٩٤)

**٢-٣-٢-٣- هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر سیستەمی حکومڕانی و دەزگاکانی**

یەکێکی تر لەو تەوەرانەی کە هەر دوو شاعیر لە خەمیدا بوون و بە سەرەچاوەی کێشە و گیروگرفتەکان لە قەڵەمیان داوە و بەرامبەری بێ‌دەنگ نەبوونە، جۆری سیستەمی فەرمانڕەوایی و حکومەت‌دارییە، سیستەمی وڵاتەکەی خۆیان بێت یان سیستەمی فەرمانڕەوایی جیهان. کامەرانی شاعیر لە هۆنراوەی «جیمس وڵسن»دا ڕەخنە لە جۆر و سیستەمی فەرمانڕەوایی ستەمکارانەی دەوڵەتانی گەورە، وەک ئەمریکا، دەگرێت و دەڵێت:

ئــەرێ ئێــوە دیموکــراتن؟
دیموکـراتی ســـەوزە یا شیـن؟
ئێـوە زەروون بـۆ خـوێن مـژین
کوللەی خەلــە و خەرمانی ژین
لەسـەر نەزمـی «ڕۆک ئاند ڕۆڵ»
لەشـی هــەژار ئەکـەن بە خۆڵ
(کامەران: ٢٠٨)

وەک لەم هۆنراوەیەدا دیارە شاعیر ڕەخنە لە جۆری فەرمانڕەوایی دەوڵەتان دەگرێت کە ئەمەش بۆخۆی نیشانەی هۆشیاری شاعیرە بەرامبەر ئەو نادادییەی کە دەرهەق بە خەڵکی دەکرێت. ئەمە لە کاتێکدایە زۆرێک هەبوون بێ‌دەنگییان هەڵبژاردبوو یان بووبوون بە کلکی دەوڵەتانی تر. لە

www.SID.ir

Archive of SID

شیعرێکی تردا کامەران موکری بە ڕەخنەگرتن لە جۆری فەرمانڕەوایی پادشایی لە عێراق و باس کردنی نەهامەتی و نادادییەکانی ئەو سیستەمە دەیەوێت پشتیوانی خۆی بۆ سیستەمی کۆماری ڕابگەیەنێت:

ڕۆژێک بـــوو ئـەم نیشتیـمـــانە مەزاتخـــانەی لەش و گیـان بـــوو
بـــازاڕی غەم و گریان بوو
بـــەڵام ئەمــــڕۆ کـــــە ئـازادین ئینـجـا ئـــەزانم چیـــیە، ژیـــن
(کامەران: ۱۵۸)

دوای ئەوەی پەرلەمانی ئێران بەرەو لاوازی ڕۆیشت و ڕۆڵی سەرەکی خۆی نەدەگێڕا و دەوڵەتێکی ناکارا هاتە سەرحوکم، لە کۆتاییەکانی سەدەی سیازدەیەمی هەتاویدا ئەندێشەی تاکگەرایی سیاسی لای سیاسییەکانی ئەوکات سەری هەڵدا و بەپێی بۆچوونی زۆرێک لە سیاسەتمەداران و نوخبەی سیاسی وڵات، تەنها ڕێگەچارەی ڕزگاریی ئێران لە ئاڵۆزیی و نالەباریی، پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێزی ناوەندخواز بوو. بە وتەی خۆیان دەبێت حکومەتی «مشت و عەدالەت» بێت. بەڵام بە پێچەوانەی شاعیران و سیاسەتمەدارانی سەردەمەکەی، فەڕوخی شاعیر دژی ئەم جۆرە حکومەتە و ئەندێشەی تاکگەرایی بوو و پێی وابوو حکومەتی تاکگەرایی سەرەنجام ستەمکاریی ڕەهای لێ دەکەوێتەوە و لەگەڵ ئەوە بوو کە دەبێت خەڵکی بۆخۆی ژیان و عیزەت و مافی خۆی دیاری بکات و داوای بەشداری کردنی خەڵکی دەکات لە حکومەت و دەسەڵاتدا (حسن‌زاده، ۱۳۸۸: ۱۰)، وەک لەم هۆنراوەیەدا دەڵێت:

ما دایرەی کثرت و قلت هستیم
مـــا آینـــه عزت و ذلت هستیم
تــو در طلب حکـومت مقتـدری
مـــا طالب اقتـــدار ملت هستیم
(فەڕوخی: ۲۵۰)

فەڕوخی سەردەمانێک بۆخۆی ئەندامی پەرلەمان بووە و بە بایەخەوە باسی ئەم دامەزراوەی کردووە. بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بە شێوەیەک نائومێد و بێ‌هیوا بووە. بوونی پەرلەمانی دژ بە ئازادی کۆمەڵگا زانیوە و داوای بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن و هەڵوێست وەرگرتنی کردووە دژ بە تەشریفاتی کردنی ئەو دەزگا گەورەیە. بۆیە بە چەندین شێوە دژ بە پەرلەمان و پرۆسەی هەڵبژاردن هەڵوێست وەردەگرێت، کاتێک کە دەڵێت:

بـــا بـــودن مجلس بـــود آزادی مـــا محــــو
چون مرغ که پابسته ولی در قفسی نیست
گـــر موجـد گـنـدم بـــود از چیست که زارع
از نـان جوین سیـر به قـــدر عدســی نیست
(فەڕوخی: ۹۸)

ئەو دەگاتە ئەو بڕوایەی کە پرۆسەی هەڵبژاردنیش بۆخۆی سەرچاوەی خەڵەتاندنی خەڵک و شاردنەوەی ناشرینییەکانی فەرمانڕەوایانە و هیچ هیوایەکی بە پرۆسەکەش نییە و دەڵێت:

www.SID.ir

Archive of SID

مـــا را از انتخـــاب ســـر انتخـــاب نیـست
چـــون انتخـــاب مـــا بـــه جز از انقلاب نیست
دستـــــور انتخـــاب بـــه دستــــور داده است
دستی که جز به خون دل ما خضاب نیست
(فەرڕوخی: ١٠٦)

لە جێگایەکی تردا فەڕوخی ڕەخنە لە دەزگا دەوڵەتییەکان دەگرێت و بە خەوتوو و نەخۆش لە قەڵەمیان دەدا. بەتایبەت بەڕێوەبەرایەتیی فەرهەنگ و مەعاریف کە پێی وایە لە هەمووی وێرانترە:

نادانی و جهـل تا کـه مـا را کیش است
بدبختی مـا همیشه بیش از پیش است
هــر چنـــد ادارات خرابنـــد همـــه
بی شبهـــه خرابـی معـارف بیش است
(فەڕوخی: ٢١٠)

## ٢- ٣-٣- هەڵوێستە ئایینییەکان

لێرەدا مەبەست لە هەڵوێست وەرگرتنی ئایینی، هەڵوێست و ڕەتکردنەوەی جۆرێک لە تێڕوانین یان دیدگای ئایینیی ناجۆرە لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە. چونکە لە لای هیچ یەکێک لە شاعیران، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، هیچ هەڵوێستێکی نەرێنیی دژ بە خودی ئایین یان بنەماکانی ئایین یان پیرۆزیەکانی ئایین بوونی نییە؛ بە تایبەت ئایینی ئیسلام. کامەران-یش هەوڵی داوە نە بە باش و نە بە خراپ خۆی نەدا لە ئایین و بنەماکانی و پیرۆزییەکانی. ئەوەی هەیە هەڵوێست وەرگرتنە دژ بە پیاوانی ئایینی و ئەوانەی لە ژێر پەردەی ئاییندا کاری نابەجێ و ناڕەوا دەکەن و هەوڵ دەدات لای خەڵکی وەک ئەوەی هەن بیان ناسێنێت، نەک وەکو ئەوەی کە خۆیان دەنوێنن. بۆیە دەتوانین بڵێین لە کۆی دیوانە شیعرییەکەیدا تاکە دێڕێک نییە دژ بە بنەما جێگیرەکانی ئایینی ئیسلام بێت. هەروەکوو چۆن ناشتوانرێت تاکە دێڕێک لە وەسف و سەنای بنەما و پیرۆزییەکانی ئایینی ئیسلامدا بدۆزرێتەوە. بابەتی ئایینی لای کامەران ئاوێتەی ژیانی ڕاستەقینەی خەڵک کراوە و هەر لەوێوە ڕەخنەکانی دەست پێدەکات.

فەڕوخی یەزدی لەم تەوەرەدا تا ڕادەیەک جیاوازبووە لە کامەران موکری. ئەو یەکێکە لەو شاعیر و نووسەرانەی سەردەمی مەشرووتە. فەڕوخی جیاواز لەو ڕەوتە دژەدینی و نائایینییە کە ئەوکات لەئارادابوو، خاوەنی بنەمایەکی فکریی مەزهەبی و ئایدۆلۆژیی بووە و بە چاوێکی ڕێزەوە لە ئایین و مەزهەب ڕوانیویەتی و ئایین و بنەماکانی ئایین ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە شیعرەکانیدا هەبووە. «پرسیاری گوماناوی دەربارەی خودا، یان گومان لە جیهانی بوون لە دیوانی فەڕوخیدا بوونی نییە» (حسن زادە میرعلی و دیگران، ١٣٩٤: ١١). بەڵکوو فەڕوخی شاعیر ویستوویەتی لە ڕێگەی ئایینی ئیسلام و مەزهەبی شیعەوە هانی خەڵکی بدات بۆ وەستانەوە لە بەرامبەر زوڵم و زۆر و هۆشیارکردنەوەیان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناتوانین فەڕوخی بە شاعیرێکی ئیسلامخواز و بانگخوازێکی ئایینی و خاوەنی زیهنیەتێکی مەزهەبی دابنێین. چونکە «شیعرەکانی فەڕوخی شاعیر ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە بووە کە ئەوکاتە لە ئارادابووە و تیایدا چەمکە ئایینی و ئەخلاقییەکانی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر کۆمەڵگاوە هەبووە. بەواتایەکی تر ئیسلام و موسوڵمان

www.SID.ir

Archive of SID

بوون لای فەڕوخی بابەتێکی تاکەکەسی نییە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەرژەوەندی میللی و حکومەتیدا پەیدا دەکات و گرنگترین نیگەرانی ئەو ئەوەیە کە بۆچی موسوڵمانان مەحو بکرێن و سەروەرانی ئیسلام بۆچی دەبێت ببنە ژێردەستەی بەریتانیا» (سلطانی، ۱۳۹۱: ۳). هەروەک دەڵێت:

ای وطن پـرور ایرانـــی اســـلام پرست
همتی زان که وطن رفت چو اسلام ز دست
بیـرق ایـــران از خصم جفـجو شـــد پست
دل پیغمبـــر را ظلـــم ستمکـــاران خست
خلفـا را همـه دل غرقـه به خونست ز کفر
حال حیدر نتوان گفت که چونست ز کفـر
(فەڕوخی: ۱۹۱)

لە جێگایەکی تردا داوای یەکهەڵوێستی و یەکگرتن دەکات دژ بە ئایین فرۆشان و داوای هەستانەوەی غیرەتی ئیسلامی دەکات:

حفظ قـرآن را بـر دفـع اجـانب تازنـــد
یـا موفق شـــده یـا جـان گرامـی بازنـد
مسجـــد ار بایـــد امـروز کلیسـا نشـود
یا وطن، فردا منزلگه ترسا نشـود
سبحـه، زنـار و حـرم، دیـر بحیرا نشـود
شـــور اسلامی بایست، ولـی تـا نشـود
بـود ایـران ستمدیده چـو اسلام غـریب
و این دو معدوم ز جور و ستم اهل صلیب
(فەڕوخی: ۲۳٤)

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، فەڕوخی شاعیر ڕەخنەی جیدی لە پیاوانی ئایینی ڕیاکار و فیڵباز دەگرێت و قۆستنەوەی ئایینی لەلایەن پیاوانی ئایینی و کاربەدەستانەوە بە توندی ڕەت دەکاتەوە و هەڵوێست دەنوێنێت.

**۲-۳-۳-۱- هەڵوێست وەرگرتن دژ بە ریاکاری و ڕووگەشبینیی پیاوانی ئایینی**

کامەران لە یەکێک لە هۆنراوەکانیدا ڕەخنە لە شێوازی ژن هێنانی پیاوانی ئایینی و موسوڵمانان دەگرێت کە چۆن پیاوێکی بەناو موسوڵمانی نوێژکەر تەنها لەبەرئەوەی دەوڵەمەند و پارەدارە لەگەڵ کچێک کە لە تەمەنێکی بچووکتردایە هاوسەرگیری دەکات. وەک دەڵێت:

لە تـــــەلاری ئاوێنــە دەن
تا نەختێ کردی بە شیوەن
(کامەران: ۹۰)

لەو دێڕەدا باس لە ئازاری ناخی کچەی بەزۆر بەشوو دراو دەکات و دواتر دەڵێت:

www.SID.ir

Archive of SID

پیرەش ڕووی کـــردە ناو مزگەوت        وەکـوجاران نوێــژی دادەبـەست
پشتێنێکی ڕەنگ زەردی بەست
(کامەران: ٩٠)

ئەوەی لەم هۆنراوەیەدا هەڵوێستەکە تونتر و قووڵتر دەکات، ئاماژە تەکنیکییەکان و هێما ئایینییەکانن. لەوانە چەندجارێک هێمای «!» هاتووە کە بۆخۆی بارێکی لەو شێوەیە چاوەڕوان نەکراوە. یان بەکارهێنانی «پشتێنی زەرد» مەبەستی لێی کەسێکی تازە حاجییە. هەندێجار ئاماژەیە بۆ «سەید»یش. لە دێڕێکی تردا هەر دەربارەی ئەم دیاردەیە دەڵێت:

حـاجـــی بـــە درۆ لـــە خواتـــرس
کچەکـــەی لــە ژین کـــرد وەڕەس
(کامەران: ٩٠)

شاعیر لە هۆنراوەیەکی تردا ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە هەرچەند حاجی بەناو لەخواترس گەیشت بە مەرامی دڵی خۆی، کەچی لاوان و کوڕە گەنجەکان قەدەغە دەکات لە کارێکی ئاسایی وەک یەکتر بینین و ئەوەی لە بەرژەوەندی خۆیدا نەبێت بە شیاوی نابینێت و لە بەرامبەریدا هەڵوێستێکی دووڕوویانە دەنوێنێت. وەک شاعیر دەڵێت:

کـچ و کـــوڕێک بـــە گـــوزەرا
هاتن، جلی جوان لەبەرا
دوو فریشتـــەی دڵـــداری بـــوون
نەختـــێ بــۆ گەشتی بـاخ ئەچوون
پیــر تفـــی کـــردووە، ئینجـــــا
وتـــی: «ئێـــی! حەیــا هەڵگیـــرا»
(کامەران: ٩٠)

فەڕوخی شاعیر بە پێچەوانەی زۆرێک لە شاعیرانی هاوتەمەنی خۆی زۆر دژ بە نەریتە ئایینییەکان نەبووە. «نەقد کردن و دژایەتی کردنی نەریتە ئایینییەکان جێگایەکی زۆری لە دیوانی فەڕوخیدا نەگرتووەتەوە». (حسن زادە میرعلي و دیگران، ١٣٩٤: ١٠). نەقدی نەریتە ئایینییەکان لای فەڕوخی هەمان ڕەخنەگرتنە لە چۆنێتیی پەیڕەو کردنی سونەتە ئایینییەکان و دژ بە ڕیاکاریی و فێڵی پیاوانی ئایینییە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

می شدم آلت هر بی سروپـا چون تسبیح
دستگـــــیر من اگر رشــــــته زنار نبود
(کامەران: ١٨٥)

شاعیر لە شیعرەکانیدا بە توندترین شێوە دژ بە ناوەندە مەزهەبییەکان و پیاوانی مەزهەبی دەوەستێت و دەستەواژەکانی (شیخ، سبحە، سجادە، شاە و شحنە)یان بۆ بەکاردەهێنێت و دەڵێت:

شاە و شیخ و شحنە درس یک مدرس خواندەانـد
قیـل و قــال و جنگ‌شـــان هم از رە نیرنگ بــود
(فەڕوخی: ١٤٨)

www.SID.ir

Archive of SID

ای شیخ از حصیر فریبم مده به زرق
کآید ز بوریای تو بوی ریا هنوز
(فەڕوخی: ۱۵۰)

### ۲-۳-۳-۲- هەڵوێست دژ بە بەرژەوەندیخوازیی پیاوانی ئایینی

ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردیدا لە پیاوانی ئایینی چاوەڕوان دەکرێت، لایەنگری لە چاکەکاریی و بەرپەرچدانەوەی خراپەکارییە. هەرچەندە ئەمە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی کوردا گشتگیر نەبووە و هەمیشە بەرژەوەندی ئابوریی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، تا ئەندازەیەک پیاوانی ئایینی لە بنەماکانی ئایین دوور خستووەتەوە و هەمیشەش پاساوی نالۆژیکییان بۆ کارەکانیان هەبووە. کامەرانی شاعیریش لە هۆنراوەی «هۆرەی تازە»دا ئەو لایەنەی پیاوانی ئایینی دەخاتەڕوو و دەڵێت:

وا مەلا هات مەلای چاوباشقاڵی نەفام
ئامۆژگاری چەوت و بێ تام ئەبارێنێ وەک خرکەبەرد
(کامەران: ٢٤٦)

لە کاتێکدا ئامادەبوونی مەلا لە هەر جێگەیەکدا بێت هیوابەخشە، بەڵام شاعیر دەیەوێت بڵێت بەرژەوەندیی کەسی دەتوانێت پیاوانی ئایینیش بکاتە بە کەسێکی بەرژەوەندیخواز و خراپ و نابێت گوێ لە ئامۆژگارییەکانی بگیرێت. بۆیە شاعیر بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

ئەرێ مەلا چیت پێ وتین کڕنوش بەرین
بەڵێ ئەیوت بژی سەدساڵ بە خەیاڵی ئال
بۆ نانی بێ لەزەتی گاڵ کڕنوش بۆ ئاغاتان بەرن
(کامەران: ٤٢٧)

لایەنگریی ئاغا (دەسەڵات) لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە هەمیشە مایەی مەینەتی و ژان بووە بۆ خەڵکی ڕەش و ڕووت. بۆیە شاعیر ئەو فێڵ و بەرژەوەندیخوازییەی پیاوانی ئایینی دەخاتەڕوو. لەم بارەیەوەشەوە فەڕوخی یەزدی دژ بە ڕیاکاریی و ڕووگەشبینیی ئایینی دێتە دەنگ و بەسەرچاوەی بەلاڕێدا بردنی موسوڵمانان لە ئایینی ئیسلام دایدەنێت و دەڵێت:

دین ز دست مردم برد، فکرهای شیطانی جمله طفل خود بردند در سرای نصرانی
ای دریغ از این مذهب، داد از این مسلمانی
(فەڕوخی: ۲۰۵)

هەروەها شاعیر پێی وایە بە بوونی ئەم جۆرە ئاییندۆستییە و لەگەڵ ئەم موسوڵمانانەدا ئایینی ئیسلام لەناو دەچێت:

در نمازشان گشتند، جمله آگه و معتاد
گر چه نبود ایشان را از نماز ایزد یاد
شخص گبرشان: عالم، مرد ارمنی: استاد
بهر درس، خوش دادند دین احمدی بر باد

www.SID.ir

Archive of SID

بهـر درس خوش دادند دین احمدی بر باد
خاکشـان به سر بـادا، هـر زمـان بـه نادانی
(فەڕوخی: ٢٠٥)

ئیسلامخوازی و ئایینپەروەریی فەڕوخی گەیشتووەتە جێگایەک کە ئایینەکانی تر بە مەترسی بۆ سەر ئایینی ئیسلام دادەنێت و بۆ بوژاندنەوەی هەستی ئایینی ئێرانییەکان، ئێرانییەکان لە باڵادەستی هەریەکە لە ئایینی مەسیحی و جوولەکە هۆشیار دەکاتەوە و داوای ڕووبەڕوو بوونەوەیان دەکات:

ای وطـن پـــرور ایرانـــی اســـلام پرست
همتی زآن که وطن رفت چو اسلام ز دست
بیــرق ایران از خصم جفـــاجو شده پست
دل پیغبـــر را ظلـم ستـــم کـــاران خست
(فەڕوخی: ١٩١)

مسجـــد ار بایـــد امـــروز کلیســـا نشـــود
یـــا وطن فـــردا منزلگـــه ترســـا نشـــود
(فەڕوخی: ٢٣٤)

### ٣- ئەنجام

هەڵوێستی ئەدەبی یان ڕەخنە و ناڕەزایەتی لە چوارچێوەی ئەدەبدا، دەرئەنجامی ویست و ئیرادەی مرۆڤ و بارودۆخی هەبووە. بارودۆخێک کە بەهۆی نالەباریی ناوخۆیی و ستەمکاریی و لادانی ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و فیتنە و ئاشووبی دەرەکی و شەڕ و شۆڕەوە بەدیهاتووە. بۆیە نووسەران وەک وتەبێژ و فریادڕەسی مرۆڤایەتی نەیان توانییوە بێدەنگی بەرامبەر ئەو دۆخە چەوتانە هەڵبژێرن و هەمیشە دژ بە نادادییەکان هاتوونەتە دەنگ. کامەران موکریی و فەڕوخی یەزدی وەک دوو شاعیری بەهەڵوێست و خاوەندەنگی قۆناغەکەی خۆیان، ئەگەر لە ڕووی کاتیشەوە هاوسەردەم نەبن، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە تێیدا گەورەبوونە، بوون بە ڕێنیشاندەر و هۆشیارکەرەوەی کۆمەڵگاکەیان و بەرامبەر هەموو نالەبارییەکان بەتایبەت بارودۆخە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان هەڵوێستی جیدی و هاوشێوەیان هەبووە. هەلومەرجی ئاڵۆزی دوای جەنگی جیهانی دووەم و سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشرووتە لە ئێران و کاریگەریی و دەرهاویشتە کۆمەڵایەتییەکانی لە عێراق (کوردستان) و ئێران، کاریگەریی ڕاستەوخۆییان هەبووە لەسەر کامەران موکری و فەڕوخی یەزدی و ئەم دوو نووسەرە بە شیعرەکانیان هەڵوێستی خۆیان لەو بارەیەوە خستووەتەڕوو و ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەیاندا.

خراپی کەسایەتییە سیاسییەکان و جۆری حکومەتداری و سیستەمی فەرمانڕەوایەتیی جیهان و ناوخۆی عێراق و ئێرانیش هەلومەرجێکی نالەباریان هێنایە ئاراوە و هەر دوو شاعیر ناچاربوون ببن بە ڕێنیشاندەری میللەتەکەیان و دژ بەو بارودۆخە سیاسییە خراپە بینەوە. ئایین هەمیشە کاریگەریی بەهێزی هەیە لەسەر کۆمەڵگا و شاعیرانیش وەکوو چاوی کۆمەڵگا ئەرکە لەسەر شانیان خەڵک لە هەموو ڕووەکانەوە لێ ئاگادار بکەنەوە. کامەران موکری ئەگەرچی هیچ کات بە خراپە دەربارەی ئایین و پیرۆزییەکانی ئایینی ئیسلام هۆنراوەی نەنووسیوە، بەڵام لە وەسف و پابەندبوونی بە ئایینیشەوە هیچ دێڕە هۆنراوەیەکی نییە. ئەمەش تا ڕادەیەك پێچەوانەی فەڕوخی شاعیرە و

www.SID.ir

Archive of SID

دەتوانین چەندین و چەند دێڕی شێعری فەڕوخی بخەینە بەر باس کە لە وەسفی ئایینی ئیسلام و پیرۆزییەکان و بنەماکانی ئیسلامدا نوسیویەتی. بەڵام ئەوەی هەر دوو شاعیر لەم ڕووەوە کۆدەکاتەوە، هەڵوێست وەرگرتنە دەربارەی حوکمی خراپی پیاوانی ئایینی و دووڕووی و بەرژەوەندیخوازیی هەندێ لە پیاوانی ئایینی.

www.SID.ir

Archive of SID

## سەرچاوەکان

### کوردی:


حسێن قادر، سەرحەد. (۲۰۱۵). *بیری نەتەوەیی و بەرەنگاری لە شیعرەکانی کامەران موکری‌دا*، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، بەشی کوردی.

سابیر، پەریز. (۲۰۰۵). *رەخنەی ئەدەبی و مەسەلەکانی نوێ کردنەوەی شیعر*، هەولێر: دەزگای ئاراس.

عیزەددین، سامان. (۲۰۱۵). *دەقە شیعرییەکانی گۆران لە روانگەی دەروونناسییەوە*، تاران: چاپخانەی تاران.

فەریق حەسەن، محەممەد. (۲۰۱۰). *زمانێکی نێرسالار*، هەولێر: دەزگای ئاراس.

قەرەداخی، عەتا. (۲۰۰۲). *گەڕان بە دوای بووندا*، سلێمانی: دەزگای سەردەم.

کاکەڕەش، حەمە. (۲۰۱۰). *کۆڕامانێك لە شیعر*، سلێمانی: چاپخانەی لەریا.

کامەران، موکری. (۱۹۹۷). «من و هۆنراوە»، *رامان*، ئایاری ۱۹۹۷، ژ. ۱۱.

کۆمەڵێك نووسەر. (۲۰۰۱). *لە ستایشی ئەدەبدا*، وەرگێڕانی شێرزاد حەسەن، ئەورەحمانی حاجی مەحمود، هەولێر.

کەماڵ ساڵح، ئاوارە. (۲۰۱۲). *رەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا*، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

گەردی، سەردار و ئاوارە کەماڵ. (۲۰۱۲)، «گۆران و هەندێ رەخنەی سەبارەت بە کۆمەڵگا»، *زانکۆی سلێمانی*، ژ. ۳۷، بەشی ب.

محەممەد قادر، عەباس. (۲۰۱۰). *ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا*، سلێمانی: چاپخانەی مەڵبەندی کوردۆلۆژی.

مەعروف، کەماڵ. (۲۰۰۳). *ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازیی کوردی*، سلێمانی: چاپخانەی ژین.

ئاگرین، عبدوڵلا. (۲۰۱۰). *بەر لە راپەرین لە یادی چلەی کامەران‌دا*، هەولێر: چاپخانەی نازە.

---. (۲۰۱۳). *دیوانی کامەران موکری*، چاپی دووەم، هەولێر.


### فارسی:


پشت دار، علی محمد. (۱۳۸۹). «چشم انداز آزادگی و ادب اعتراض در شعر فارسی»، *دو فصلنامه تخصصی علوم ادبی*، س. ۳، ش. ۵، صص ۱۵۸-۱۸۰.

پورهاشمی، فاطمه. (۱۳۸۹). *شاعران معاصر ایران*، تهران: انتشارات تیموریان.


www.SID.ir

Archive of SID

حسن‌زاده میرعلی، عبدالله و همکاران. (۱۳۸۸). «تأثیر طبقه اجتماعی بر شعر شاعران دوره مشروطه با تمرکز بر اشعار ایرج میرزا و فرخی یزدی»، *زبان و ادبیات فارسی*، ش. ۱۳، صص ٤٥-٤٧.

سلطانی، منظر. (۱۳۹۱). «بنمایه‌های دینی در دیوان فرخی یزدی»، *فصلنامه تخصصی سبک شناسی نظم و نثر فارسی (بهار ادب)*، س. ۵، ش. ۳، صص ۲۱۵-۲۳۲.

صافی، قاسم. (۱۳۸۱). «فرخی یزدی شاعر سرافراز فرهنگ و ادب»، *مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران*، صص ٥٦٩-٥٨٤.

فرشادمهر، ناهید. (۱۳۸۹). *زندگینامه شاعران نامی ایران*، چاپ دوم. تهران: انتشارات عالمگیر.

کوشش، رحیم و زهرا نوری. (۱۳۹٦). «بررسی ادب اعتراض در جریان شعری سمبولیسم اجتماعی»، *زبان و ادبیات فارسی*، س. ۹، ش. ۳۰، صص ۱۲۵-۱٤۲.

محمودی نوسر، مریم. (۱۳۹۵). «بررسی شگردهای انتقادی در شعر پروین اعتصامی»، *ادبیات پارسی معاصر*، س. ٦، ش. ۱، صص ۸۱-۱۰۷.

مدرس زاده، عبدالرزاق و همکاران. (۱۳۹۲). «واکاوی آزادی در اشعار فرخی یزدی و ابوالقاسم الشابی»، *زبان و ادبیات فارسی*، صص ۱۱۲-۱۳۰.

نیازی، شهرزاد و لیلا مطیعی مهر. (۱۳۹۳). «مضامین انقلابی در شعر فرخی یزدی»، *هشتمین همایش هفته پژوهش*.

واقف زاده، شمسی و هانیه سادات نجفی. (۱۳۹۵). «موازنه مضامین وطن دوستی و بیداری در اشعار فرخی یزدی و اخوان ثالث»، *زبان و ادب فارسی*، س. ۸، ش. ۲۸ و ۲۹، صص ۳٤٦-۳٦٤.

یزدی، فرخی. (۱۳٦۰). *دیوان فرخی یزدی (با چاپ جدید و تجدید نظر و اضافات)*، به تصحیح حسین مکی، تهران.

**عەرەبی:**

حسن عزیر البصیر، کامل. (۱۹٦۰). *کامران شاعر من کردستان*، سلیمانییه: مکتبه کامران.

مصطفی رسول، عزالدین. (۱۹٦۷). *الواقعیه فی الادب الکردی*، بیروت: المکتبه العصریه.

یوسف المرجا ، حصاد (۲۰۰۲). «ادوات نفی فی الشعر أمل دنقل»، *مجله جامعه القدس المفتوحه، للباب و الادراسات*، تشرین الأول ۲۰۰۲، ع. الاول.

www.SID.ir